UNITED KURDISTAN

# یەکبوون

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

بەفرانباری ٢٧١١ — یەکبوون ژمارە ٢١ — December : 2011




* مافی چارەیخۆنووسین، ئاشتی و مافی مرۆڤ... سەلاح بایزیدی... بۆ لاپەرەی ٢
* چیرۆکی کچە بزربووەکەی دەرسیم بخوێنەوە... بۆ لاپەرەی ٥
* دانان بە قەڵاچۆی کوردانی دێرسیم بە چ مەبەستێک؟... قادر وریا... بۆ لاپەرەی ٧
* توندو تیژی دژ بە ژنان و ئاکامەکانی ... کوێستان عومەرزادە ... بۆ لاپەرەی ٨
* دوو چەمکی خەباتی پێکەوە گرێدراو!... ئیقباڵ سەفەری ...بۆ لاپەرەی ٩
* کەمپ نشین یان فیدائیانی گەل... برایم جەهانگیری ... بۆ لاپەرەی ١١
* ئەو هیوایەی کە نەتەوەی کورد لە ساڵی(١٩٢٠)دا لەسەر پەیمانی سیڤەر هەلیچنیببوو بە ماڵ وێران کردنو کارەساتێکی جەرگ بر بۆ کورد ... بۆ لاپەرەی ١١
* منداڵان ... بۆ لاپەری ١٣ * تەندروستی ... بۆ لاپەرەی ١٤ * وتەی زانایان... بۆ لاپەرەی ١٥
* پەندی پیشینیان... بۆ لاپەرەی ١٦ * رۆژژمێری مێژووی کوردستان... بۆ لاپەرەی ١٧

# مافی چارەی خۆنووسین، ئاشتی و مافی مرۆڤ

**National Self-Determination, Peace and Human Righ**



مایکل فریمان وەرگێڕان و پێداچوونەوە: سەلاح بایەزیدی

مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی ئاماژەپێکردنی ڕوون و ئاشکرا بۆ ئەو یاسا گرنگەیە کە تەنیا نەتەوەکان مافی ئەویان هەیە کە بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و کەسێکی دیکە بۆی نییە لە سەر چارەنووسی ئەوان بڕیار بدات. پێ دەچێت کە چەمکی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی، پەیوەندییەکی نەبڕاوە و ڕاستەوخۆی بە بیرۆکەی دێمۆکراسی هەبێت کە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی مرۆڤایەتی وەک باشترین نەریت بۆ بەڕێوەبردن و فەرمانڕەواییکردن بەسەر خۆیاندا پەسەندیان کردووە. هەروەها لەوە دەچێت کە یاسای نێونەتەوەیی بەتەواوی پشتگری لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی بکات. وەک خاڵێکی هاوبەش، لە بەندی 1ی پەیمانەگەلێکی نێونەتەوەیی کە بۆ مافە سیڤیل و سیاسی و هەروەها مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان ئامادە کراوە، بە ڕوونی ئاماژە بەوەکراوە کە هەموو نەتەوەکان بە بێ هیچ جیاوازیەک، مافی چارەی خۆنووسینیان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، چەمکی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی تەنیا بە بنەماکانی دیموکراسی و یاساکانی نێونەتەوەیی نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵتری لە سرووشتی مرۆڤیشدا هەیە. هەموو مرۆڤەکان بە کۆمەڵ دەژین و هەموو ئەو کۆمەڵە بەردەوام و نەبڕاوانە، فەرهەنگێکی هاوبەش بەیەکتریان دەبەستێتەوە. دڵسۆزی و خۆشەویستی بۆ فەرهەنگێکی هاوبەش، ئەو حەز و ویستە لە مرۆڤەکان بەهێزتر دەکات کە دژ بە داسەپاندنی فەرهەنگەکانی بێگانە بەرگری لە دابونەریتی هاوبەشی خۆیان بکەن، هەرچەندە کۆمەڵەکان بە شێوازی زۆر جیاواز لە یەکتر وەڵامی ئەو ڕووبەڕووبوونەوە و کەوتنەژێر ڕکێفی داگیرکەری فەرهەنگەکانی دیکەیان داوەتەوە: هاوکاریکردن، تواندنەوەی (ڕەگەزی) و بەرهەڵستی کردن، بەشێک لەو وەڵامدانەوەانە پێک دەهێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، حەز و ویستی سەربەخۆیی، فەرهەنگی وەک یەکێک لە کۆنترین و ناسراوترین فاکتەرەکانی هاندان و بزوێنەری سیاسی لە مێژووی مرڤایەتی تۆمارکراوە و دانپێدانان بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەییش، وەک بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگای مۆدێرن پێناسەی بۆ دەکرێت.

ئەو ڕاستییەیش دەبێت لەبەرچاو بگیرێت کە سیستەمی سیاسی جیهانی بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای سەروەری حکوومەتەکان و ڕێزگرتن لە سنووره نێونەتەوەییەکان دامەزراوە. هەروەها یاسای نێونەتەوەیش لە ڕێگەی دانپێدانان بە مافی یەکسانی سەروەری سیاسی بۆ دەوڵەتە نەتەوەییەکان وەک تەنیا نەریتێکی یاسای دوای شەڕی دووەمی جیهانی، هەول بۆ ڕێکوپێکردن و گونجاندنی پەیوەندی نێوان حکوومەتەکان دەدات. پارێزگاریکردن لە پێکەوەژیانێکی ئاشتیخوازانە وەک ئەرکی هەرە گرنگی ئەو سیستەمە جیهانییە دیاریکراوە. لەم پەیوەندییەدا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەورێکی سەرەکی لە پاراستنی سیستەمی سەروەری حکوومەتەکان دەگیرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هۆی ئەوەی کە ئەو ڕێکخراوە جیهانییە وەک دژەوەستان و وەڵامدانەوەیەک بۆ دەستدرێژی و داگیرکەری ئیمپریالیستی و درندەیی لە ڕادەبەدەری فاشیزم دامەزراوە، پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەییش، وەک بەشێک لە ئامانجەکانی دەستنیشانکراوە. بەڵام، ناکرێت نکۆڵی لە بوونی ناکۆکییەکی تیۆریکی و هەمەلایەنە لە نێوان بەهاکانی ئاشتی، مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی بکرێت.

چەمکی مافەکانی مرۆڤ، وەک گرنگترین بەهاکانی هاوتەریب لەگەڵ مافی بڕیاردان و خۆبیبوون بۆ تاک پێناسە دەکرێت. ئەو بەهایە لەسەر بنەمای ئەو بیروکەیە دروستبووە کە تاکەکان لە ئاسوودەیی و سەربەرزی بێبەش دەکرین، ئەگەر ژیانیان لە لایەن کەسانی دیکەوە کۆنترۆل بکرێت و لەژێر ڕکێفی داگیرکەریدابن. بە پێی داکترینی مافەکانی مرۆڤ، تەنیا ئەو حکوومەتانە دەتوانن پارێزگاری لەو مافانە بکەن کە لە بەرانبەر خەڵکی خۆیان بەرپرسیار بن و ڕێز لە باڵادەستی یاسا بگرن.

کەوابوو، بیرۆکەی مافەکانی مرۆڤ پێویستی بە پاڵپشتی کردن لە لایەن دامەزراوە سیاسییە دێمۆکراتیکەکان هەیە. بەڵام، لۆجیکی مافەکانی مرڤ لەگەڵ لۆجێکی دێمۆکراسی جیاوازی هەیە. چەمکی مافەکانی مرۆڤ لەسەر ئەو بنەما فیکریە دروستبووە کە پارێزگاری لە هەندیک لە سەرەکیترین بەرژەوەندییەکانی تاکەکان بکات و ئەوەیش لەگەڵ فەلسەفە و شێوەی مامەڵەکردنی حکوومەتەکاندا جیاوازی هەیە. چەمکی دێمۆکراسیش تەنیا شێوازێکی تایبەت لە دەستەڵاتی حکوومەتکردن بە ڕەوا لە قەڵەم دەدات. زۆر جار ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ وەک پێویستییەکی سەرەکی لە لایەن حکوومەتە دیمۆکراتیکەکانەوە ڕەچاو ناکرێت. کاتێک حکوومەتێکی دێمۆکراتیک دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزێکی توندی نەتەوەپەرستانە، ئەگەری ئەوە زۆر بەهێز دەبێت کە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە دژی شارومەندانی ناکۆک و بێگانەکان ئەنجام بدات.

ئەگەر حکوومەتە دێمۆکراتیکەکان ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بە پێویست هەژمار نەکەن و لە ژێر کارتێکردنی سیاسەتگەلێکی توندی ناسیۆنالیستی لەگەڵ نەیارانی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، ئێتر بە دێمۆکراتیک هەژمار ناکرێن. تایبەتمەندییەکانی مێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لە هەندێک سەردەمی دیاری مێژووی ئەو وڵاتەدا، مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی، دێمۆکراسی و مافەکانی تاک بەتەواوی پاڵپشتی لێکراوە و تەنانەت وەک بنەمایەکی پێویست و گرنگی سیاسی پێناسەی بۆ کراوە. هەر ئەوەیش وەک پێشینەیەک بۆ جاڕنامە بەناوبانگەکەی سەرۆک کۆمار ویلسۆن سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دیاریکراوە کە وەک بنەمایەک بۆ داڕشتنەوەی ڕێکخستنێکی نوێ جیهانی بەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی کەڵکی لێوەرگیرا.

ئێستا ئەوە بووە بە باو کە مێژوونووسان ڕەخنەی ئەوە لە ویلسۆن بگرن کە تایبەتمەندییە لێکدراو و پڕ لە ئاڵۆزی نەتەوە ئورووپاییەکانی لەبەرچاو نەگرتووە و لە ئەنجامدا بە پێشنیازکردنی ئەو سیاسەتە هەڵەیە، بارودخێکی لە بار بۆ تێکچوونی باری ئاسایشی گشتی و توندوتیژی ڕەگەزی دروستبووە. لە ڕاستییدا، ١٤ خاڵە پێشنیازکراوەکەی ویلسۆن جێبەجێنەکرا و دواتر لە لایەن نازییەکان وەک نەخشەیەکی ڕێگا بۆ فراوانکردنی دەستەڵاتی ئەلمان لە ڕێگەی داگیرکردنی وڵاتانی دیکە بە شێوەیەکی چەوتانە کەڵکی لێوەرگیرا.

لەگەڵ ئەوەشدا کە فاشیزم هەتا ئاستێکی زۆر ناوبانگی بیرۆکەی ناسیۆنالیزمی لە ناو ڕووناکبیرە لیبراڵەکانی ڕۆژئاوا شکاند، ڕێبەرە سیاسییەکانی دژ بە فاشیزم لەسەر ئەو باوەڕە مانەوە کە ئەم بیروکەیە بە شێوەیەکی بەربڵاو، هەر دوو مافە مرۆڤییەکانی تاک و مافی چارە خۆنووسینی نەتەوەکانی پێشێلکردووە. لەبەرئەوە، دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر دوو بنەما کلاسیکەکەی یاسای نێونەتەوەیی لە خۆ دەگرێت کە حکوومەتەکان وەک یاریکەرە سەرکییەکانی گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەو باوەڕەیش کە ئاشتی جیهانی، لەسەر بنەمای پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بۆ نەتەوەکان بنیادنراوە. کەمایەسی و کەموکورتی سەرەکی لە دروستکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە دەستەی ڕێبەری ئەو ڕێکخراوەیە لە دەسەڵاتە زلهێزەکانی ئەمپریالیستی پێکهاتووە.

لەم پەیوەندەدا، ناکۆکی و کێشەکان لە سیستمی سیاسی نێونەتەوەیی زەقتر دەبێتەوە، کاتێک بزوتنەوەی جیهانی دژ بە کۆلۆنیالیسم بۆ جارێکی دیکە هەوڵ بۆ بەزاندنی سنوورەکان و دابەشکردنی وڵاتەکان دەدات و ئەوەیش دواجار، ئالوگۆڕێکی سەرەکی لە شێوازی داڕشتن و پێدانی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان درووست دەکات. هەر بەم هۆیەوە، جێگەی سەرسۆرمان نەبوو کە ڕێکخستنی جیهانی پۆست کۆلۆنیال ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئالۆزی و ناتەبایی دەبێتەوە.

بە پێی داکترینی یوتی پوسیدیتس جوریس (uti possidetis juris ، ناوچە سنوورییەکانی ئەو حکوومەتانەی کە لە سەردەمی پۆست کۆلۆنیالی درووست بوون، بە هاوشێوەی ناوچەکانی سەردەمی داگیرکەری کۆلۆنیالی، سەروەری سیستەمی حکوومەتی نەتەوەیی وەک بنەمایەکی سەرەکییان بۆ هەژمار بکرێت. هۆی بنچینەی بۆ ڕەچاوکردنی ئەو داکترینە خۆی لەو بیرۆکەیدا دەبینێتەوە کە بە پەیڕەوکردنی ئەو سیاسەتە کێشە سنوورییەکان لە نێوان حکوومەتە پۆست کۆلۆنیالەکان کەم دەبێتەوە و لە ئەنجامدا ئومێد و هیوایەکی تەواو بۆ دابینکردنی ئاشتی و تەبایی لە نێوانیاندا دروست دەبێت. ڕێبەرە پێشەنگەکانی وڵاتانی پۆست کۆلۆنیال «گەشەنەکردوو» بەتەواوی دەکەونە ژێر کاریگەری ئەو بیروکەیە و وەک تاکە ڕێگە بۆ بەهێزترکردنی سەقامگیری و ئاشتییەک، پێناسەی دەکەن کە هاوکات

سەرچاوە
Serchawe

هەنووکەیی سەروەری حکوومەتەکان و پەکپارچەیی دەدات و بە گشتی بەهاکانی ئاشتی و هۆکارەکانی پراگماتیستی وەک پاساو دەهێنێتەوە، لە لایەکی دیکە، پێشنیازی زۆر رادیکاڵ کە باس لە دووبارە دارشتنەوەی سیستەمی جیهانی دەکەن.

ئەوان هەروەها کۆمەڵێک جیاوازی قووڵی فەلسەفیان هەیە، لە کاتێکدا کە بیرمەندانی لیبراڵ جەخت لە گرنگی پێدان بە مافەکانی تاک دەکەنەوە، بیردۆزانی کۆمەڵگەرا و ناسیۆنالیست، زۆرتر لایەنگری لە مافە گشتییەکان دەکەن.

لە پەیوەندی لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەییدا، رێئالیسم بە یەکێک لە کۆنەپارێزترین روانگەکانی چاکسازی لە سیاسەتی جیهانی هەژمار دەکرێت: ئەو بیرۆکەیە تەنیا گرنگی بە دروستکردنی ئەو پێشنیازانە دەدات کە رێبەرانی هەنوکەی حکوومەتەکان لەوانەیە بە بایەخەوە هەژماری بکەن و هەوڵدان بۆ سەقامگیری حکوومەتەکان لە پێناو بەردەوامبوونی ئاشتی، وەک سەرەکیترین ئەرکی خۆی پێناسە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، پێشنیازی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک چاکسازی لە سیستمی سیاسەتی جیهانی دەکات بەتایبەتی چونکە ڕەوشی هەنوکە لە پاراستنی حکوومەتەکان یان بەردەوامبوونی ئاشتی سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت. بەم پێیە، بە پاساوی رێزگرتن لە یاسای نێونەتەوەیی، پێشنیازی ئەوە دەکات کە تەنیا لە رێگەی بەرپاکردنی دادگایەکی نێودەوڵەتی دەکرێت کۆتایی بە ململانێ و کێشەی نەتەوەکان بۆگەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین بهێنرێت. لەبەرئەوەی کە ئەو پێشنیازە ئەگەری چاکسازییەکی بەربڵاو لە یاسای نێونەتەوەیی بەهێزتر دەکات، شیمانەی ئەوە دەکرێت کە رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ وەک پێوەرێک بۆ بڕیاردان لەسەر پێدانی مافی چارەی خۆنووسین هەژمار بکرێت.

لە چەند گریمانەیەکدا، بیرۆکەی لیبراڵ، دەرەنجامێکی هاوشێوەی پێشنیاز کردووە. ئەوەی کە بە تیۆریەک بۆ چارەسەرکردنی پرسی جیاییخوازی ناوبانگی دەرکردووە، بۆ دوورکەوتنەوە لە وەڵامدانەوەیەکی ڕاستەوخۆ بە داواکاری مافی چارەی خۆنووسین، باس لەوە دەکات کە حکوومەت ئەرکی پاراستنی مافە سەرەکییەکانی شارومەندانی خۆی لە ئەستۆدایە. تەنیا لە بارودۆخێک کە حکوومەت بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەردەوام مافە مرۆییەکانی شارۆمەندانی خۆی پێشیل بکات، ئەو کات ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ئەوان بیر لە نافەرمانی یان تەنانەت جیابوونەوە لەو وڵاتە بکەنەوە. کەوابوو، مافی چارەی خۆنووسین لە شێوازی جیابوونەوەدا وەک چارەسەرێک بۆ پێشێلکارییەکانی بەرفراوان و ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ پێشنیازکراوە، بەتایبەت کە هێچ چارەسەرێکی دیکە لەبەر دەستدا نەبێت. ئەو تیۆریە بە هێچ شێوەیەک باوەڕی بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەکان نییە، هەرچەندە ئەو تیۆرییە پێی وایە کە نەتەوەکان بەڵکو داوای مافی چارەی خۆنووسین بکەن، ئەگەر ئەوان وەک نەتەوەیەک ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ستەمکارییەکی بەرفراوان لە لایەن حکوومەتێک ببنەوە.

زانای زانستە سیاسییەکان، «ئالێن بوچانان» (Allen Buchanan) بە تێکەڵکردنی هەر دوو بیروکەی لیبرالیسم و رێئالیسم، تیۆریەکی نوێی جیابوونەوەی دروستکردووە، ئەگەرچی ئەو تیۆرییە تارادەیەکی زۆر لە بیرۆکەیەکی ڕێ پێدەرانە بۆ هەبوون دەچێت هەتا تیۆریەک بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە. ئەو مشتومڕی ئەوە دەکات کە مافی چارەی خۆنووسین، نابێت هاوشێوەی مافێکی بنەڕەتی پێناسە بکرێت، بەڵکوو ئەوە مافێکە لە دەرئەنجامی کۆمەڵێک لێوردبوونەوەی ئەخلاقی بەدوای بارودۆخێکی ئاڵۆز و نالەبار بڕیاری لەسەر دراوە. بەواتایەک ئەو بیرۆکەیە، ئەو هەڵسەنگاندن و بڕیاردانە هەر دوو روانگەی رێئالیست کە جەخت لە سەروەری و یەکپارچەیی حکوومەتەکان وەک تاکە ئەکتەری یاسایی لە سەر ئاستی سیاسەتی نێونەتەوەیی دەکاتەوە و بیرۆکەی لیبراڵ کە گرنگی بە خەم و مەراقی مافەکانی تاکی دەدات لە خۆ دەگرێت. جیاوازی هەڵسەنگاندنەکەی »بوچانان» تارادەیەک خۆی لە گرنگی پێدانی ئەو بە هێزی بنەما ئەخلاقیەکان دەبینێتەوە کە ئەو بەردەوامبوونی سیاسەتی جیاکەرەوەی ئابووەری و کۆمەڵایەتی، وەک بنەمایەک بۆ مافی جیابوونەوە لە قەڵەم دەدات و هاوکات گرنگی پارێزگاریکردن لە فەرهەنگەکان بە هەند وەردەگرێت.

ئەوەندەی کە دیارە، تیۆری بوچانان بۆ مافی چارەی خۆنووسین زۆرتر دەکرێت وەک بیروکەیەکی لیبراڵ بناسرێت، چونکە ناوبراو، فەرهەنگ وەک هەڵبژاردنێکی تاکەکان لە قەڵەم دەدات لە جیاتی ئەوەی کە وەک مافێکی گشتی پێناسەی بۆ بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، نەتەوەکان دەکرێت لەم تیۆرییە کەڵک وەرگرن، بۆ نموونە، ئەو نەتەوە ژێردەستەکان بە قوربانیانی سیاسەتی جیاکەرەوەی نەتەوە باڵادەستەکان هەژمار دەکات.

گریمانەی »هەری بیران» (Harry Beran) دەکرێت وەک تیۆریەک پێناسە بکرێت کە باڵاترین ئاستی داواکارییە رادیکاڵ و تا رادەیەکی زۆریش لیبراڵیەکانی بەرجەستە کردۆتەوە. لە روانگەی ئەو، حکوومەتەکان لەسەر بنەمای یەکگرتنێکی ئارەزومەندانە دروستکراون و هەموو کەسێک ئەم مافەی هەیە کە هەر کات کە ئارەزو بکات لەو حکوومەتە جیا ببێتەوە. مافی جیابوونەوەیش وەکوو مافێکی سرووشتی و حاشانەکراو، دەگەڕێتەوە بۆ رێژەی زۆرینەی ناوچەیەک کە ئارەزوی دابڕان لە وڵاتێکی دیکەیان هەیە.

بەو پێیە، پێویست ناکات کە ئەو زۆرێنەیە تووشی چەوساندنەوە و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ ببیتەوە. تیۆری بیران بە شێوەیەکی بنەڕەتی لەگەڵ تیۆرییەکانی پێشتر جیاوازی هەیە، بەتایبەت لە روانگەی ئەو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوە بێدەوڵەتەکان یان داهاتووی دانیشتوانی هەرێمێک ئەو جیاوازییە زۆرتر زەق دەبێتەوە. هەروەها ئەو ئاماژە بەوە دەکات تەنانەت ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە بە نەتەوەیش هەژمار ناکرین، مافی ئەوەیان هەیە کە داوای جیابوونەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، بیروکەی بیران کۆمەڵێک گریمانەی ناڕوون و ئاڵۆزیشی پێوە دیارە، ئەو لە دارشتنی لۆجیکێک بۆ تێپەڕبوون لە قوناغی مافی تاک بۆ ئۆتۆنۆمی و لە مافی گشت بۆ جیابوونەوە کێشەی هەیە، ئەو هەندێک جار بە هێنانە ئارای تیۆریەکی کرچ و کاڵ، ئەو گریمانە بەرجەستە دەکاتەوە، بە چ شێوەیەک زۆرێنەی ناوچەیەک خاوەنێتی موڵک و ماڵ و مافی سەروەریان بەسەر ئەو هەرێمەدا هەیە کە تێیدا دەژین.

نوێترین تیۆری ڕۆژئاوایی بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە لایەن بیرمەندانی لیبراڵ گەڵاڵە کراوە نەک ناسیۆنالیست، ئەوەیش بۆ هێژمونی فیکری لیبراڵیسم لە ناو ڕووناکبیرانی ڕۆژئاوایی و بێ باوەڕی ئەوان بۆ ناسیۆنالیزم دەگەڕێتەوە. هەروەها لە لایەن دەستەی بیردۆزانی سیاسی کۆمەڵگەرا بە شێوەی تیۆرێکی پاڵپشتی و پشتگری لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی کراوە. دەستەی سیاسی بیرمەندانی کۆمەڵگەرا، لە لایەن هەر دوو بیردۆزی ئەکادیمیک «ئەویشای مارگالیت» (Avishai Margalit ) و «جۆزێف راز» (Joseph Raz) لە کۆمەڵێک پاڵیوراوی وەرگرتنی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی بە ئاشکراترین شێوە لایەنگریان کردووە. ئەوان هەروەها جەخت لە پێویستی گرنگی پێدان بە فەرهەنگ دەکەنەوە کە بە شێوەیەکی هاوبەش لە لایەن کۆمەڵێک مرۆڤ دروستکراوە و پێکەوەیش چێژیان لێ وەرگرتووە و لە ئەنجامی ئەو پرسەیەدا، کۆمەڵێک پەیوەندی هاوبەش لە نێوانیاندا دروستبووە.

فەرهەنگ هەر چۆنێک بێت پێویستی بە پاراستنی سیاسی هەیە. کەوابوو لێک تێگەیشتنێکی بەهێز کە لە تێرمینۆلۆژی لاتین بە »پرایما فاسیا» (prima facie) ناسراوە، بۆ پەسەندکردنی مافی گرۆپە فەرهەنگییەکان لە پێناو بەرێوبردنی خۆیاندا بوونی هەیە. لە ئەنجامدا، ئەو مشتومڕە لەسەر ئەو باوەڕیە کە لایەنگری »پرایما فاسیا»ی (prima facie) بۆ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی مسۆگەر کردووە. هەر دوو «مارگالیت» و «راز» نکۆڵی لەوە ناکەن کە بەهێزبوونی کۆمەڵگەرایی لەوانەیە کە مافەکانی تاک بە شێوەیەکی بەرچاو سنووردار بکات، بەم پێیە ئەوان لەو دەرئەنجامە نزیک دەبنەوە کە مشتومڕی ئەوە بکەن: هەرچەندە ئەو کۆمەڵگەیە کەمتر دادپەروەرانە بێت، بە هەمان شێوەیش مافی ئەو بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی لاوازتر دەبێت.

تیۆری »مارگالیت» و «راز» لە لایەک و ئەوەی »بوچانان» لە لایەکی دیکە، دەکرێت وەک نموونەیەکی ئاشکرا لە جیاوازی فیکری نێوان کۆمەڵگەراکان و لیبراڵەکان سەبارەت بە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی پێناسە بکرێت، بۆ «مارگالیت» و «راز» فەرهەنگە نەتەوەیەکان چاکەکەر و بەسوودە هەتا ئەو کاتەی کە بە بەڵگە سەڵمیندرا کە وێرانکەر و زیانبەخشە، کەچی »بوچانان» لەسەر ئەو باوەڕیە کە فەرهەنگ پێگە و بەهای خۆی لە ئەنجامی ئەو هەڵبژاردنانەی کە تاکەکان دەیکەن، وەردەگرێت.

کێشەی هەرە سەرەکی لە تیۆری سیاسی کۆمەڵگەراکان، خوی لەوەدا دەبینێتەوە کە تاکەکان مافی ئەوەیان پێدراوە کە لە شێوازگەلی جیاوازی کۆمەڵگەدا بژین و ئەو بیرۆکە کۆمەڵگەرایەیش لەوەی کە گرنگییەکی زۆرتر بە کام کۆمەڵگە بدات یان کامیان مافی لە پێشتربوونی هەیە، ڕووبەڕووی کێشەی ململانێی بەرژەوەندییەکان دەبێتەوە. بەتایبەت ئەوە دیار نییە کە بۆچی کۆمەڵگە نەتەوەییەکان دەبێت مافی لە پێشتربوونیان بەسەر ژێرنەتەوەکان یان کۆمەڵگە فرەنەتەوەییەکاندا هەبێت.

لە لایەکی دیکەوە، «دیڤید میلێر» (David Miller) باس لە پێدانی مافی پێشتربوونی ئەخلاقی بۆ حکوومەتە نەتەوەیەکان دەکات. ئەگەر ئێمە بیروکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی پەسەند بکەین و ئەوەیش لە ئەنجامدا بە شێوەیەکی بەرچاو پارە و سامانی دەوڵەمەندەکان لە ناو هەژارەکاندا دابەش بکات، هەر وەک «میلێر» لەسەر باوەڕیە کە ئێمە دەبێت ئەوە یش بکەین، ئەو کاتە ئێمە دەبێت لە پێناو یەکگرتوویی نەتەوەیی، بەها یاسایی و ئەخلاقییەکانی حکوومەتی نەتەوەیی پەسەند بکەین، «میلێر» مشتومڕی ئەوە دەکات کە پێویستەیەکی یەکجار زۆر بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە و ئەوەیش تەنیا حکوومەتە کە توانای ڕێکخستن و ئەو ئالوگۆڕە بەربڵاوەی هەیە. کەوابوو، مافی چارەی خوونوسین پێویستی بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی هەیە.

سەرچاوە
Serchawe

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەخنەگران لەوەدا گومانیان هەیە کە هەست و سۆزی یەکگرتوویی نەتەوەیی وەک پێویستیەک بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی پێناسە بکرێت و هەروەها مشتومڕی ئەوەیان کردووە کە بەدوای پەسەندکردنی مافی پێشتربوونی حکوومەتە نەتەوەییەکان، ئەگەری ئەوە بەهێزتر دەکات کە بەپەرۆشبوون و هاندان بۆ دادپەروەری نێونەتەوەیی لاواز بکات. لایەنگری »میلێر» لە ناسیۆنالیسم پێویست بە بروا پێکردن بە گشتێتی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکات، بەڵام ئەوەیش باڵادەستی حکوومەتە نەتەوەییەکانی لێدەکەوێتەوە و بەکردەوە ئەوە سەڵمێنراوە کە پێشێلکارییەکی بەرفراوانی مافەکانی مرۆڤ بە دەستی ئەو حکوومەتە نەتەوەییانە ئەنجامدراوە. بەواتایەک، «میلێر» لەسەر بنەمای سۆسیالیست دیموکراتیک بوون لایەنگریەکی بەهێز لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەکات و هەر ئەوەیش پاڵپشتی کردنی ئەو لە گشتێتی مافەکانی مرۆڤ لاواز کردووە.

مافی چارەی خۆنووسین نەتەوەیی بابەتێکی سەرنجراکێشە، ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە مافی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ژیانێک کە بە پێی حەز و ئارەزوی گشتی و فەرهەنگێک کە خۆیان کاری دارشتنیان بۆ کردووە، مسۆگەر دەکات و لەگەڵ بنەماکانی دیمۆکراسیش هاوواتایی هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆمەڵێک کێشە بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە دەکرێت ئاماژە بە دوو هۆکاری سەرەکی بکرێت: یەکەم، لە جیهانێکدا کە ژمارەی نەتەوەکان ئێجگار زۆرترە لە حکوومەتەکان، بەربڵاوبوونی داواکاری بۆ مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سیستەمی هەنوکەی حکوومەتەکان و لە ئەنجامی ئەوەیش بۆ سەر ئاشتی نێودەوڵەتی. دووهەم، ناسیۆنالیزم بە کەڵکوەرگرتن لە هەست و سۆزی نەتەوەپەرەستی، هاوپشتییەکی گشتی دروست دەکات و لە ئەنجامی ئەوەیش مەترسییەک بۆ سەر مافەکانی تاک و ڕق و لە بێگانە ترسان دروست دەبێت.

ئەو ڕاستییەکی ڕوون و ئاشکرایە کە چارەسەرێکی ئاسان بۆ کێشەی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی نە لە تیۆری یان لە پراکتیکدا بوونی نییە. کەوابوو، ئێمە لە گەڕان بەدوای چارەسەرێکی مامناوەندی بۆ پرسی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی، دەکرێت ئاماژە بە چەند ڕێگە چارەیەک بکەین کە لەگەڵ جیابوونەوە هاوتا و هاوسەنگ نییە و هەندیک جار ئەو نەتەوانە دەکرێت بە بێ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، بڕیار لەسەر چارەنووسیان بدەن. جیاوازی دانان لە نێوان مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی و پرسی جیابوونەوە، تەنیا ڕاستییەک بە هەموو لایەنەکانییەوە ناخاتەڕوو، بەڵکوو پێویستییەکی پراکتیکیش بەرجەستە دەکات، ئەوە ڕاستییەکی باوەڕپێکراوە کە هەموو نەتەوەیەک، دەرفەتی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی پێنادرێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە ڕێگەیشی پێبدرێت، ڕێی تێناچێت کە یارمەتی بە بڵاوبوونەوەی دادپەروەری و ئاشتی بکات.


بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەو کێشە و کۆسپانەی کە ڕووبەڕووی پرسی مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەیی دەبێتەوە، گەڕان بەدوای هەندێک چارەسەری مامناوەندی وەک ئۆتۆنۆمی، شێوازە جیاوازەکانی فێدراڵیسم و تەنانەت دوورکەوتنەوە لە ناوەندگەرایییەکی بەهێز و دواجار، پەسەندکردنی سیستەمی کۆنفیدراڵیسم، دەکرێت وەک چەند ڕێگە چارەیەکی گونجاو و بەرپرسیارانە، لێوردبوونەوە و خوێندنەوەی زۆرتری لەسەر بکرێت.

٣١ی ژانوییەی ٢٠١١ / ئاسۆی رۆژهەلات

==========================================================================

# چیرۆکی کچە بزربووەکەی دەرسیم بخوێنەوە

"سەریان سفر کردین، سواری ڤاگۆنی ڕەشیان کردین و بردنیانە جێیەک کە نازانین کوێ بوو"



مەدینە چۆلاک لە کۆمەلکوژیەکەی دەرسیمی ساڵی (١٩٣٧ – ٣٨) قورتار بووە یەکێکە لە کچە شوێن بزربوەکانی ئەو کاتە، ئەو هێشتا کیژۆلەیەکی تەمەن (١٠) ساڵان بوو کاتێ لەگەڵ ڕووە ڤیزوون و توندەکەی دەوڵەت ڕووبەڕوو بۆوە، باوکی سەید عەلی گوینگور، برا گەورەکەی کالمان، خوشکەکەی بەسێ و حەسەنی سێ ساڵە بە بەرچاویەوە کوژران.

وەک یەک لەو سەدان منداڵەی کە لە کۆمەڵکوژیەکە لە مردن ڕزگاریان بوو، سەرەتا سەریان سفر کردن، پاشان سواری ڤاگۆنی ڕەشیان کردن و بردنیان بۆ جێیەکی کە هەرگیز نایدەزانی کوێیە، هەر کەسێک کاتێ یەکێک لە خێزانەی لە کۆمەڵکوژیەکە ڕزگاری بوو دەبینی دەبووە مایەی خۆشحاڵیان، بەلام ئەو تەنیا خۆی مابوو، چیرۆکی ئەو لێرەوە دەست پێدەکات.

لە سامسۆن بنەماڵەیەکی چەرکەس دەیکەنە منداڵی خۆیان، ئەمڕۆش مەدینە تەمەنی (٨٧) ساڵە ، کاتێ چووم بۆ بینینی یەکەم پرسیاری لە من ئەوە بوو کە کرمانجی دەزانی ؟

پاشان وتی ` کچم زۆر کەس هاتن، زۆر رۆژنامەوان هاتن بۆیانم باس کرد ، بەلام چی گۆڕا ؟ . کچەکەی بە پەلە چوو و پەردەکانی دادایەوە و یەکسەر بە سەرسوڕماویەوە ڕووی وەرگێرا و وتی: کۆن زۆر دڵم قایم بوو بەلام ئیستا ئەو دەنگانە دەمترسێنن.

ئیستاش مافی قسەکردن بۆ مەدینە، کچە بزرەکەی دەرسیم خەڵکی نازمیە بە جێ دێلین.

### لەسەریەک سەربازەکان گولەیان تەقاند

لە ساڵی (١٩٣٧)دا بەر لەوەی کە کۆمەڵکوژیەکە دەست پێدەکات لە زستانێکی بەفراوی دا بەلگیخانی دایکم بە نەخۆشی هەوی سیەکانی مرد، چوار خوشک و برا بوین لەگەل باوکم دەژیاین، رۆژانی سەخت بۆ برا گەورەکەم کالمان، بەسێ، حەسان و من دەستی پێکرد.

باوکم و برا گەورەکەم بە ئاژەڵداریەوە سەرقاڵ بون، لە راستیدا لەگەل ئەوەی کە (١٠) ساڵیش بووم هەموو کاری ماڵ کەوتبووە ئەستۆم ، من کچە گەورەی ماڵ بووم ، سەرپەرشتی منداڵەکانم دەکرد. هەموو شت لە مانگەکانی پایزەوە دەستی پێکرد ، رۆژێک باوکم ئاژەڵەکانی بۆ لەوەڕاندن دایە بەر، چەندین سەعاتی بەسەردا تێپەڕی، بەڵام نەگەڕایەوە زۆر دەترسام. لە بەردەم ماڵەکەمان دانیشتین لەو کاتەی کە براکەم وتی دەچم بە دوای باوکم دا دەگەڕێم، یەک لەسەر یەک دەنگی گولە هات. هەموو خەڵکی گوندەکە بە شلەژاوی هاتنە دەرەوە. ئەوانەی تفەنگیان بە دەستەوە بوو، سەربازەکان بوون لەسەر یەک گولەیان بەرەو رووی گوندەکەماندا دەتەقاند. هەموو کەسێ رای دەکرد، منیش بەو ترسەوە بە راکردن رووم لە ناو دارستانەکە کرد، وا رام دەکرد تەنگە نەفەس بووم درکم بەوە کرد کە زۆر دوور کەوتومەتەوە، شەوێک بەتەنیا لە نێو دارستانەکە مامەوە.

### هاتینە گوند، ماڵەکان سوتابوون

لە نیوە شەودا بە دەنگی گولە وەخەبەر هاتم دیسانەوە رام کرد، بینیم کە لە دوکەڵکێشەکەوە دوکەڵ دێتە دەرەوە چوومە ماڵەکەوە، ژنی ماڵەکە هەر کە لە دەرگاکەوە منی بینی پێی وتم بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ ئێستا دێن ئێمەش دەبەن سەرە هاتۆتە سەر ئێمە، ژنەکە سەرقاڵی چاڵکردنی قابڵەمەکانی بوو. لەتە نانێک و قاپێک ماستی پێدام، ئیشارەتی بۆ دار سنوبەرەکانی

سەرچاوە
Serchawe

بەردەمی دەکرد و پێی وتم رۆڵە لێرە مەوەستە بچۆ خۆت لە نێو سنەوبەرەکان دا بشارەوە . خۆم لە نیو دار سنەوبەرەکان شاردەوە و نان و ماستەکەم خوارد.

پاش ماوەیەک گەنجەکانی گوندەکەمان بە راکردن هاتنە لامان و ئەوە منی دلخۆش کرد، هەندێ رووی ناسراوم لە نیویان دا بینی بە راکردن چووم بۆ لایان و پێم وتن دەچن بۆ کوێ منیش لەگەل خۆتان بەرن، یەکێکیان دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ لای ئەوانی دیکە، کاتێ هاتینەوە گوند کەسی لێ نەمابوو،ماڵەکان روخێنرابوون.



## مەنۆ، مەنۆ لە ژیانای؟

دوای رووخانی گوندەکەمان بڕیارمدا کە بچم بۆ گوندەکەی دایکم کە ناوی دەستێ بوو. کاتێ چومە ئەوێ لەوێش کەس نەمابوو، کەوتمە ناو دەشتەوە بەڵکو بەرەو ڕووی یەکێک بێم کە

مابێ، هەندێکی تر رۆیشتم بەرەو رووی قەرەباڵغیەک بومەوە، بە ڕاکردن چووم بۆ لایان لە نێویان دا پورە ئارەزووم بینی. زۆر خۆشحاڵ بووم و هەر کە منی بینی وتی مەنۆ مەنۆ... لە ژیانای و باوەشی پێدا کردم، لە گوند هەموو کەسێ پێیان دەگوتم مەنۆ. وتم براکانم سەربازەکان بردیانن، کاتێ پرسی ئەوەیان لێکردم کە بردوویانن بۆ کوێ، بینیم لە بەرزاییەکانی ئەو دەشتەوە سەربازەکان دەستیان بە تەقاندنی دەسترێژی گولە کرد، هەموو دەستمان بە راکردن کرد بەرەو خوارووی دەشتەکە، لەوێ پورم لێ بزر بوو، دڵم خەریک بوو دەوەستا.

کە هاتینە خوارەوە کەوتینە نێو جۆگەلەیەکەوە و لە پشتی بەردێکەوە خۆم شاردەوە تا بەر چۆکم تەڕ ببوم ، کاتێ سەرم بەرز کردەوە لە پشتی بەردەکەوە ئەو سەربازانەی زانیان ئێمە لەوێین تەقەیان کرد و یەکێکمان لەوێ کوژرا.

سەربازەکان هاتنە لای من قیرڕاندیان بە سەرما، منی لەوێ دەرهێنا، بە شەق و زلە بردمی بۆ لای ژن، پیاو و منداڵەکانی کە کۆکرابونەوە و منیان فرێ دایە نێویان. بە ئومیدی ئەوەی کە خێزانەکەم لە نێو ئەوانەدا ببینم بە ناویان دا دەگەڕام بەڵام نەمبینینەوە.

## چەندین منداڵی تری وەک من هەبوون

پاشان ئێمەیان برد بۆ ئەلەزیز، چەندین منداڵی تری وەک من هەبوون، ژن، منداڵیان کۆکردەوە و سەریان سفر کردین، ئێمەیان خستە گەرماوەکانەوە و پاشان سواری شەمەندەنەفەریان کردین.

رێیەکی درێژ بوو، نەماندەزانی بۆ کوێمان دەبەن، نێو شەمەندەفەرەکە زۆر قەرەباڵغ بوو وەک رۆژی حەشر بو، ئێمەیان لە جێیەک دابەزاند پاشان زانیم کە ئێمەیان هێناوە بۆ ناوچەی تەرمەی سامسۆن.

هەموومانیان خستە خانویەکەوە پاشان بەرێوەبەری نیشنگە داود ئونگەن ناوی یەکە بە یەکەمانی پرسی و تۆماری کرد، کاتێ هاتە سەر من یەک وشە تورکیم نەدەزانی بۆ ئەوەش وەڵامی هیچ پرسیارێکم نەدایەوە. وا بە چاوێکی غەمگینەوە سەریان دەکردم! منیان لەسەر کورسیەک دانیشان، چۆرەکیان دامێ بە ئیشارەتی دەست پێیان وتم کە هاتوی لە ماوەیەکی کورتدا دەمگەڕێننەوە.

## خێزانی نوێم یوڤام ئونگەن

پاشان هاوسەرەکەی کە ناوی ناجیە بوو وتبوی کچێکی بچوک هەیە لە نێو ئەو کوردانەی هێناویانن، هیچ کەسی نیە کچێکی ئەوەندە جوانە، ئەوەندە غەریبە نامانەوێ لەو حالەدا بێ، بەقایمقامیشی وتبوو، پاشان دەستیان گرتم منیان برد بۆ ماڵیان (4) منداڵی تری لێ بوو.

ناجیەی هاوسەری هەر کە منی بینی خاوەنداری لێکردم، خێزانێکی چەرکەز بوون، جێیان بەهەشت بێ زۆر باش مامەڵەیان لەگەڵ کردم، دادە ناجیە یەکسەر منی برد و خستمیە گەرماوەکەوە، پێی دەگوتم فاتمە سەرەتا هەرچیەکیان دەگوت تێنەدەگەیشتم، دادە ناجیە کە پێی دەگوتم گسکەکەم بۆ بێنە من خاکەنازەکەم بۆ دەبرد پاشان وردە وردە فێری تورکی بووم، جێی نیشتەجێ بونیان لە دەرسیمەوە هێنایە سامسۆن، لەو کاتەوە ئیتر بە منیان دەگوت مەدینە، بەناوی فاتمەش راهاتبوم

کاتێ دادە ناجیە دەچووە دەرەوە دەچومە ژوورەوە دەرگاکەم لە سەر خۆم دادەخست و بۆ باوکم و خوشک و براکانم دەگریام، رۆژێک تێنەپەڕی کە بیریان لێ نەکەمەوە، من نەچومە خوێندنگە، بەڵام هیچ پرسیارم لە هۆکارەکەی نەکرد، هەمیشە هەستم بە غەریبی کرد ، هەستم دەکرد کە هی ئێرە نیم، بەڵام کاتێ منداڵم بوو حەسرەتی خۆم بەوان دەشکاند. گەنجێتم لە نێو زۆر و سەختی دا گوزەراند، ئەو خێزانەی باوەشیان بۆ کردمەوە زۆر باش بوون بەلام خێزانی من نەبوون، ئەو ئیش و ئازارە من هەستم پێ دەکرد ئەوان ئەوەندە لە ناخەوە وەک من هەستیان پێ نەدەکرد.

## خاکەکەم ماچ کرد

لە 19 ساڵ دا بە پێی داب و نەریت شوم کرد، هەموو شتێکم بۆ هاوسەرەکەم باس کرد، هەمیشە پشتوانی لێکردم هەژار بووین بە بونی یەکەم منداڵم زۆر خۆشحاڵ بوم لە کالمانی برام دەچوو، من ئەوم هەم وەک منداڵەکەم و هەم وەک برا و خوشکەکانم خۆش دەویست، ماوەیەکی درێژ نەمگوت خەڵکی دێرسیمم، تەنانەت لە ئون کاپی کە لێی نیشتەجێین تا ئیستاش وا دەزانن خەڵکی ئەرزەڕۆمم، نەمدەگوت، لە ترسی ئەوەی نەبا شتێکی خراپ بەسەر مندالەکانم بێنن لەبەر ئەوەی کە هەموویان تورک بوون. دوای چەندین ساڵ منداڵەکانم زانیان کە خەڵکی دێڕسیمم ئەوانیش نەیاندەزانی، لەگەل ئەوەی کە بە دێرسیمی بوونی خۆم سەربەرزم. دوای چەندین ساڵ لە هاتنەوەم بۆ دەرسیم هەر کە پێم کەوتە ناو شارەکەوە خاکەکەم ماچ کرد، هەموو شتێک بە بەرچاومەوە ڕووی دا، ئەو هەستەم هەم تێکەڵ بە خەمگینی، هەم کین، هەم ترس و هەم شادمانی بوو، کەسوکارەکەم بە پەرۆشەوە پێشوازیان لە من کرد.

## چی بکەین لە وەها لێبوردنێک

ئێستاش رۆڵەکانمان هەمان ستەم و زوڵم دەبینن ، تا ئێستاش هەمان شت لەوێ ڕوودەدەن، تا ئیستاش گۆڕی باوکم و برا و خوشکەکانم نازانم، (87) ساڵە بەو ئێشەوە دەژیم، چی بکەم لە وەها لێبوردنێک ( بە ئاماژە بە داوای لێبوردنەکەی ئەرۆدغان لەسەر کۆمەڵکوژیەکەی دەرسیم ).

چوار جاری تر چووم بۆ دەرسیم، ئیتر هاتومەتە دۆخێکەوە کە ناتوانم برۆم بەرێوە ، دوای ئەوەی کە کچەکەم لێکۆڵینەوەی کرد زانیم کە باوکم و کاکەم و برا و خوشکەکەم لە مازگرت کوژراون ، بەڵام ئەوانم بە درێژایی ژیان و هەموو سانیەیەک لە دڵم دا جێ کردەوە و تا مردنیش هەر وا دەبێ.

لە ئاژانسی فراتەوە

وەرگێڕانی: نەجیبە قەرەداغی

وەرگیراو لە چەترپرێس

سەرچاوە Serchawe

# داننان بە قەڵاچۆی کوردانی دێرسیم بە چ مەبەستێک؟

قادر وریا



ئاماژەی ئەم دواییانەی «حوسێن ئایگۆن»، نوێنەری دێرسیم لە پارڵمانی تورکیە بەو ڕاستییە کە هەم دەوڵەت و هەم حیزبی کۆماریخوازی گەڵ (ج. ە. پ)، هەر دوو بەرپرسی کوشتاری کۆتاییەکانی دەیەی ٣٠ کوردانی دێرسیمن، کاردانەوەیەکی سیاسیی گرنگی لێ کەوتەوە و بووە هۆی وروژاندنی پرسیارێکی گرنگ لە ناوەندە سیاسییەکان و ڕاگەیەنەکانی تورکیە دا: کێ لە کوشتاری دێرسیم بەرپرسە و ئەم بەرپرسایەتییە، چ ئەرکێک بەدوای خۆی دا دێنێ؟

وەک دژکردەوە نیشاندان بەرامبەر ئەم باسەی کە لە لایەن نوێنەرێکی سەر بە حیزبی (ج. ە. پ) (ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت) خراوەتە ڕوو، ڕەجەب تەیب ئەردوغان لە کۆبوونەوەیەکی ئەندامانی حیزبەکەی دا، ڕووی قسەی خۆی کردە سکرتێری گشتیی حیزبی ج. ە. پ، (کەماڵ کلیچدار ئۆغڵوو) و وێڕای داننان بەم کوشتارە و نیشاندانی دوو بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم قەڵاچۆیە، تاوانەکەی خستە سەر حیزبەکەی کەماڵ کلیچدار ئۆغڵوو، چونکە لە کاتی ئەو کوشتارەدا دەسەڵاتی بەدەست بووە و گوتیشی «ئەگەر پێویست بێ بە ناوی دەوڵەتەوە داوای لێبوردن بکرێ، من ئامادەم داوای لێبووردن بکەم».

داننانی سەرۆک وەزیری تورکیە بە کوشتاری کوردانی دێرسیم دوای زیاتر لە حەفتا ساڵ، دەنگدانەوە و کاردانەوەیەکی سیاسی و میدیایی هەم لە ئاستی تورکیە و هەم لە ئاستی جیهان دا هەبوو و کۆمەڵێک پرسیار و چاوەڕوانیی بە دوای خۆی داهێنا؟ ئایا ئەم هەنگاوەی ئەردووغان لە چوارچێوەی ملبەملەیەکی حیزبی بە مەبەستی تاوانبار کردنی حیزبێکی ڕەقەبەر و ئۆپۆزیسیۆنی دەوڵەت دا و بە نیازی بەدەستهێنانی دەنگەکانی کوردان، دەمێنێتەوە؟ یا دەبێتە دەسپێکی گرتنەبەری سیاسەتێکی ئازایانە بەرامبەر بە پرسی کورد لەم وڵاتەدا؟

ئەوەی لە ساڵانی ١٩٣٨ و ١٩٣٩ دا لە دێرسیم کرا،قەڵاچۆ (کوشتاری بەکۆمەڵ)ی کوردان بەتایبەتی کوردانی زازا و عەلەوی بوو. ئەو قەڵاچۆیە هەر حیزبێک ئەوکات دەسەڵاتی بە دەست بووبێت، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە دەوڵەتی ئەوکاتی تورکیە و سەرکۆماری ئەوکات (کەماڵ ئەتاتورک) کە بە دەسەڵاتدارترین کەس لە مێژووی کۆماری تورکیەدا بووە، لێێ بەرپرسن. ڕاپەڕینێک کە کوردەکانی دێرسیم بە سەرۆکایەتیی سەید ڕەزا، وەڕێیان خست لە دژی توانەوەی نەتەوایەتی و حاشاکردنی تورکیەی نوێ لە شوناسی نەتەوەیی ئەو کوردانە بوو کە بە پەلاماری سوپایی لە هەوا و زەوییەوە و تەنانەت بە کەڵک وەرگرتن لە گازی ژاراوی، سەرکوت کرا و لە ڕەوتی سەرکوتی ڕاپەڕینەکەدا، خەڵکی ناوچەکە بە ورد و درشت و ژن و منداڵەوە، لەنێو بران. بە جۆرێک کە زیاتر لە ١٣ هەزار کورد بە دەستی هێزەکانی ئەرتەشی تورکیە کوژران و هەر بە گوێرەی داننانی سەرۆک وەزیری ئێستای تورکیەش نزیکەی ١١ هەزار و ٦٠٠ کەسیش لە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ شوێنەکانی دیکەی تورکیە ڕاگوێزران. دیارە هێندێک سەرچاوە باسی کوژران و تێداچوونی پەنجا هەزار کەس لە ڕەوتی ئەم کوشتارە بەکۆمەڵەدا دەکەن و ئەوە دەریدەخا کە چ تاوانێکی گەورە دژی کوردەکان ئەنجام دراوە کە هێشتا زۆر لایەنی بە شاراوەیی ماوەتەوە.

ئەردووغان و حیزبەکەی، حیزبی داد و گەشەپێدان، لە چەند ساڵی ڕابردوودا توانیویانە لە زۆر بوار دا بە گژ تابۆ و بەستەڵەکی سیاسیی چەندین ساڵە لە وڵاتەکەیاندا بچن و سیاسەتی نوێ دابێنن. پرسی کورد یەک لەو بوارانە بووە کە ئەردووغان و حیزبەکەی وێراویانە خۆی لێ بدەن و قسە و درووشم و هەنگاوی نوێیان لەم پێوەندییەدا خستۆتە ڕوو. ئەم کارەیان ئەگەر لە سەرێکەوە وەک ئازایەتی سەیری کراوە و لەنێو کوردی ئەو وڵاتە و لایەنگرانی گۆڕان و بەرەوپێشچوون دا جۆرێک هیوا و دڵخۆشی درووست کردوە و ڕوومای سیاسیی تورکیەی تا ڕادەیەک گۆڕیوە، لە سەرێکی دیکەوە، بەتایبەتی لە نێو حیزبە کۆنەپارێز و شۆڤێنییەکانی تورک و لە نێو سوپا و دام و دەزگاکانی دیکەدا، نەیار و نارازی لە سیاسەتەکانی ئەم حیزبەی دروست کردوە.

ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردوو دەری خستوە کە چارەسەرکردنی قەیرانێکی لەمێژینە و پرسێکی گرنگی وەک پرسی کورد لە تورکیەدا، هەر بە درووشمدان و تەبلیغات و بە یاریکردن بە کارتی کورد لە کاتی هەڵبژاردن و ململانێی سیاسی دا، چارەسەر نابێ و هەڵگرتنی هەنگاوی ئازایانەی بە کردەوەی پێویستە.



ئەردووغان و حیزبی داد و گەشەپێدان و هەر مەقام و ناوەندێکی دەوڵەتی و سیاسی، دەبێ بێ دوو دڵی و بە ڕاشکاوی ڕابگەیەنن لەگەڵ ئەوەدان کە لە مێژووی تورکیەدا دژ بە کوردەکان کراوە و ئەوانیش لەسەر هەمان ڕێگا و ڕێباز دەڕۆن، یا ئەوەی بەرامبەر بە کوردان کراوە و بە ناڕەوا و تاوانی دەزانن، مەحکوومی دەکەن و پەردەی لەسەر لادەدەن و نەک هەر ناهێڵن جارێکی دیکە ئەم کارەسات و تاوانانە ڕوو بدەنەوە، بەڵکوو قەرەبووی ئەم ڕابردووە پڕ لە تاوانە دەکەنەوە؟

لەگەڵ ئەوەی داننانی وەک ئەردووغان وەک سەرۆک وەزیر و سەرۆکی حیزبی یەکەمی دەسەڵات بە کوشتاری دێرسیم و وروژانی ئەم پرسە لە ناوەندە سیاسییەکان و میدیای تورکیەدا، بایەخ و گرنگیی خۆی هەیە، ئەم کاتە دەتوانین بەمجۆرە داننانانە هیوادار بین کە ئەرکەکانی پێوەندیدار بەم دانپێدانانە، جێبەجێ بکرێن. «داوای لێبوردن» کە ڕوون نییە ئەردووغان بۆچی ئێستا بە پێویستی نازانێ کەمترین چاوەڕوانییە کە لێی دەکرێ. پێکهێنانی کۆمیسیۆن و لێژنەی تایبەت بۆ تیشک خستنە سەر ڕەهەندەکانی ئەو قەڵاچۆیە و ئاوەڵاکردنی ئەرشیڤی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بە ڕووی لێکۆڵەران دا بۆ ئەوەی نهێنی و لایەنە شاراوەکانی تاوانەکە بخەنە ڕوو، لەم ئەرکانەن. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر، پێکهێنانی گۆڕان لە جۆری ڕوانین بەرامبەر بە کورد وەک یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو وڵاتە دایە.

ئایا هەر بەو عەقڵییەتەی سەردەمی ئەتاتورک و دەیەی ١٩٣٠ سەیری کورد دەکرێ و بە ڕێگای تواندنەوە و حاشالێکردن و بەهۆی ئۆپەراسیۆنەکانی سوپا و «میت»ەوە بەرەو ڕووی کورد دەبنەوە؟ یا دەست لەم جۆرە سیاسەت و بیرکردنەوە و کردەوانە هەڵدەگرن و بە داننان بەمافە بنچینەییەکانی کورد وەک نەتەوەیەک و قبووڵکردنی وەک شەریک و برابەش، لاپەڕەکی نوێ لە پێوەندیی کورد و تورک و پێکەوەژیانیان لەم وڵاتەدا هەڵ دەدەنەوە؟

کوردستان و کورد

٧ / ١٢ / ٢٠١١

# توندوتیژی دژ بە ژنان و ئاکامەکانی

کوێستان عومەرزادە

هەر کردوەیەک کە ببێتە هۆی ئازاردانی فیزیکی و رووحی کەسی بەرانبەر دەچێتە خانەی توندو تیژییەوە. بەڵام، کاتێک باس لەو توند و تیژیانە دەکرێت کە تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەک پێیەوە دەتلێنەوە، زیاتر رەنگدانەوە بیر و فیکرانەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگەکانی پێنەگەیشتوو لە جەخزە و بازنەی خۆیاندا دەخولێتەوە و کۆمەڵگەش لە بەستەری چەقبەستووی خۆیدا دەهێلێتەوە، بەتایبەت لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە سەرچاوە و بەرهەمی فیکری دیکتاتۆریانەی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگاکانەیە کە لە ئاکامدا شەڕو توندو تیژی لێدەکەوێتەوە. بە دڵنیایەوە دەتوانم بڵێم کە قوربانی سەرەکی ئەو توندو تیژیانە ژنانی ئەو کۆمەڵگایانەن. هەر یەک لەئیمە کەم تا کورتێک لەسەر مێژوی ئازارو ئەشکەنجەدان و سوکایەتیکردن و بچوکردنەوەی کەسایەتی ژنان و چەوسانەویان و پێشێلکردنی مافەکانیان چ لە خێزاندا یان لە کۆمەلگەدا بیستومانە یان بە چاوی خۆمان دیتومان و هەستمان بە ئازار و مەینەتیەکان کردوە، دەشزانین کە ئەو دیاردەیە کە بۆتە کوڵتور و کۆمەڵگای لە کۆمەڵگەیەکی یەکسانی خواز بۆ کۆمەڵگەیەکی پیاوساڵار گۆریوە، بەتایبەت لەوکۆمەڵگەیانەی کە لە ئاست ئابوری، فەرهەنگی ، هۆشیاری و رۆشنبیریەوە هەژارن . ووشەی توندو تیژی دەتوانێت بە زۆر شێوە پیناسە بکریت کە رەنگدانەوەی نیگەتیڤ لە سەر جەستەی و سایکۆلۆژی کەسی قوربانی جێدەهێلێت. بۆ نمونە، لیدان، سوکایەتی، ئازاردان، شکاندن، بەکەم وەرگرتن، بایکۆت کردن،فەرهەنگی، ئابوری، دەستریژی بۆ سەر جەستەی ژن، شکاندن،جنێودان،هەڵاواردن کە دەبنە هۆی ئەو کەسایەتی ژن بچوکبکرێتەوە و تووشی نەخۆشی خەمۆکی ببێتەوە و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی ئەوە کە کەسی قوربانی بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە.



توند و توێژی، هەروەها دەتوانرێت وەک دیاردەیەک سەیربکرێت کە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایانە رووبەرووی دەبنەوە. زۆر جار لە میدیاکان گوێبیستی جۆرها توندو تیژی دەبین، بێ ئەوەی لە هۆکار و سەرچاوەی ئەو توند و تیژیانە بکۆڵرێتەوە بەلام، ئایا هەر بیستنی بەسە؟ یان دەبێت دەزگاکانی راگەیاندن لە فیکری ریگەچارە یەک بۆ کەمکردنەوە و نەهێشتنی ئەو دیاردە دابن کە وەک پەتا لە کۆلەلگە بڵا بۆتەوە کە هۆکاری سەرەکیشی بۆ کەم هوشیاری کەساکەن دەگەرێتەوە. بۆیە بە راشکاوی داتوانم ئاماژەی بەو خاڵە بکەم کە دەزگاکانی راگەیاندن هۆکاری بڵاو بوونەوەی تا چارەسەرکردن ، چونکە بە پێی پێویست نەیانتوانیوە مامەڵەی زانستیانە لە گەڵ رووداوکاندا بکەن و تاکەکان لە ئاست مافەکانیان هوشیار کەنەوە.

پەرەسەندنی ئەو توندو تیژیانە پەیوەندی بە ئاستی کۆمەڵگە پیاوساڵارەکانەوە هەیە کە تێیدا پیاوان شەرەف لە ناو دەلینگی ئافرەتدا دابینن، شتێکی حاشاهەڵنەگرە، هەموو ئەو توند و تیژیانەی کە ئەنجام دەدریت تەنها لەبەر ئەوەیە کە ئەو خێزانە کەسایەتی لە کۆمەڵگەدا لەککەدار نەبێت. بەپێی ئەو ئامارانە کە ساڵانە رادەگەیەندرێت، دەبینین کە ساڵ بە ساڵ ئەو توندو تیژیانە ریژەیان زیاد دەکات.

توندو تیژی دژ بە ژنان لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەدی دەکرێت ،بەڵام ئاستی ئەو توند و تیژیانە لە کۆمەڵگەیەکدا بۆ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازە. بەو مانایا کە توندو تیژی لە وڵاتە دێموکراتەکانیش کە لە ئاستێکی باشی رەفای کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدان بەدیدەکرێت، بەڵام جیاوازیەکە لەوەدایە کە لە وڵاتانێک کە قانون و یاسا حاکمە، رێگە بە هیچ توند و تیژیەک نادرێت و مافی ژنان و پیاوان لە یاساکان مسەوگەر کراوە و لەوانەشە لە هێندێک بواردا مافەکانی ئافرەت لەو وڵاتانەدا زیاتر بێت لە مافەکانی پیاوان ، بەڵام بەداخەوە لە کۆمەڵگا سونەتیەکان ،یاساکان لەسەر بنەمای دین و مەزهەب دارێژراون کە لە زۆر بواردە دژیاتی هەیە لە گەڵ یاساکانی مافی مرۆڤ.

لە کۆتایدا دەمهەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە توندو تیژی دژ بە ژنان لە کۆمەڵگە گەشە نەسەندوەکاندا ، بۆتە مۆتە و کابوسێک کە سەراپا مێشک و جەستەی ژنانی داگیر کردوە . بۆیە بۆ دەربازبوون لەو کابوسە ئەرکی ژنانە کە خۆیان لەو بەند و زنجیرە ئازاد بکەن و بۆ دەستەبرکردنی مافەکانیان شێلگیرانەتر بێنە مەیدان و کارێک بکەن کە یاساکانی مافی مرۆڤ شوێن ئەو یاسانە بگرێتەوە کە لە سەر بنەمای ئایینی یان خێلەکی دارێژراون.

بۆ روونکردنەوە و وردبوونەوەی زیاتر لەو توندو تیژیانە بە پێویستم زانی ئاماژە بەو ئامارانە بکەم کە لە ساڵی٢٠١٠ کەلەلایان بەریوەبەرایەتی توندو تیژی دژ بە ژیان لە کوردستان ئەنجام دراوە.

ئەوژنانەی کە لە پارێزگای هەولیر خۆیان کوشتوە ( ١٢) ژن کە تەمەنیان ١٨ بۆ ٣٠ وە باس لەوە دەکات کە ئەو خۆکشنە لە ٧٦% بە هۆی چەکەوە بوە ەر لە ٣٣ % لە ریگە خۆخینکاندن .

هەروەها راپرتەکە باس لەوەدەکات کە هەر لە سالی رابریدودا (٢٦) ژن کوژراون، کە لەوانە ٥ یان بە بەبیانووی شەرەفو (١٧)شیان بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی کە بەسیی رۆر گرفتەکە دەگەریتەو ەبۆ مۆبایل، راپۆرتەکە ڕوونیشیکردووەتەوە، جگە لەکوژرانی ئەو ژنانە لەهەولێر، (٦٤ ، کە (٥٥%)یان بەهۆی رقی خێزانەکانیانەوە بووە، (٦٥%)ی ئەو ئافرەتانەی کە سووتاون شوویان کردووە، هاوکات (١٠٢) سەدو دوو ژنی تر بەهۆی قەزاو قەدەرەوە سووتاون.

لەو راپۆرتەدا باسی لەوەشکردووە، ساڵی ڕابردوو (١١٢٣) سکاڵایان تۆمارکردووە، کە (٤٨%)یان تەمەنیان لەنێوان (١٩ بۆ ٣٠) ساڵیدابووە، (٦٣%)شیان هۆکاری سکاڵاکان دەگەڕێننەوە بۆ کێشەی نێواخێزانەکان.

ڕاپۆرتەکەی بەڕێوەبەرێتی گشتی توندوتیژی دژی ژنان ئاماژەی بەوەشکردووە، لەو ساڵەدا (٢٣٥ ئەشکەنجەدراون، کە (٨٥%)یان شوویانکردووە، (٦٦%)شیان هۆکاری ئەشکەنجەدانیان بۆکێشەی نێوان ژنو مێرد دەگەڕێننەوە، (٣٥ ژنی تریش توندوتیژی سێکسییان بەرامبەر کراوەو کە (٦٠%)یان خوێندەوارنو (٧٨%)ی ئەو ڕێژەیەش، لەلایەن کەسانی دەرەوەی خێزان توندوتیژییان لەبەرامبەردا کراوە.

بەگشتی ئەو دۆسێیانەی کە ساڵی (٢٠١٠) لەو بەڕێوەبەرێتییە تۆمارکراون، (٧٤%)یان لەدادگا داخراون،

بەپێی ئەوئامارانە کە لە ساڵانە لە بەڕێوەبەرایەتی توندو رادەگەینرێت ، هۆکاری جیاواز لە خۆدەگرن کە بۆ ریشەکێشکردنی ئەو دیاردەیە پێویستە بە باشی لە هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی هێمن و ئارام بەدی بێت کە دوور بێت لە هەرە جۆرە توند و تیژیەک.بەهیوای کۆمەڵگەیەکی یەکسان و دێموکراسیخواز و دوور لە هەرە چەشنە توندو تیژییەک. لەکۆتایدا دەم هەوی ئەوەبلیم کە توندوتیژی بۆتەمۆتەکە بەسەر پرچی ئالتونی ژنان بە خوێندەوارو نە خوێندەوارەوە، دەستێکی پڕ ترسە بۆسەر ژیانیان. بۆ ئاماری ڕێژەی توندوتیژیەکان کەڵک لەو سایتە وەرگیراوە .

/http://www.kcnorg.org

٢٤ ی نوامبری ٢٠١١

کوردستان و کورد

سەرچاوە
Serchawe

یەکبوون United Kurdistan

کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# دوو چەمکی خەباتی پێکەوە گرێدراو!

ئێقباڵ سەفەری



لەمێژساڵە خەباتکارانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاڵای ڕزگاریی نەتەوەییان هەڵگرتوە و لەم پێناوەشدا گەلەکەمان ڕووبەڕووی بە دەیان کارەساتی ماڵوێرانکەر بوونەتەوە. ڕۆڵەکانی ئەم گەلە سەروماڵیان لە پێناو ڕزگاریی گەل دا بەخشیوە و باشترین سەرمایەی خۆیان پێشکەش بە بارەگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان کردوە. بە سەدان و بگرە هەزاران کوێرەوەریان لە پێناوی دا کیشاوە کە مێژوو لە دڵی خۆیدا تۆماری کردون. ئەم بەشە لە خەبات بە هەموو کەموکۆریەکانیەوە توانیویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو ناسنامەی نەتەوایەتیی گەلی ئێمە بپارێزێ و پێش بە شاڵاوی سیاسەتی ئاسیملاسیۆن و قەڵاچۆی گەلی ئێمە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆنەپارێز بگرێ.

## خەباتی نەتەوەیی بۆ ڕزگاری نەتەوەیەک، گرێدراوە بە خەبات بۆ ڕزگاریی نیشتمانەوە

ئەوەی لەم وتارە دا جێگای تێڕامانە و دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ بەشی لە بیرکراوی خەباتی نیشتمانییە، کە تا ڕۆژی ئەومڕۆش جێگای لای بەشێک لە خەباتکاران بە بەتاڵی ماوەتەوە. لە ماوەی سی ودوو ساڵی ڕابردو دا حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو تەوەری سەرەکیی خەباتیان کردبووە ئامانج بۆ تێکوشان. تەوەری یەکەم خەباتی نەتەوایەتی لە چوارچیوەیەکی سنوردار دا بووە کە زیاتر لایانی کولتۆری، فەرهەنگی،ئەدەبی و دابەشکردنی نیمچەدەسەڵاتی سیاسیی وەک خودموختاری و پاشان فیدرالیزم گرتۆتەوە. تەوەری دیکەش چارەسەری کیشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانە کە بە هێنانە گوڕی سۆسیالیزمی زانستی و پاشانیش سوسیالیزمی دیموکراتیک پێی وابووە ئەم کێشەیە بنەبڕ دەکا.

بە سەرنجدان بە ڕەوتی ئاڵوگۆڕ و ڕووداوەکان لە پاش کۆتاییهاتن بە شەڕی ساردی نێوان دوو جەمسەری خۆرهەڵات و خۆرئاوا ، کاتی ئەوە هاتبوو کە بابەتی نیشتمانیی خەبات ،گوڕ و تینێکی تایبەتی پێ بدرێ. بەڵام مخابن!، لەژێرکارتێکەریی فەرهەنگی باڵادەستەوە، ئەو هەلەش کە پێکهاتبوو لەبارچوو. هاوکیش بوونی دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی کە یەکەمیان بۆ سەروەریی نەتەوەییە و دووهەمیان بۆ ڕزگاریی نیشتمانە، ناتوانین یەکیان بە گرینگ بگرین و ئەوی دیکەش بخەینە پەراوێزەوە. خەباتی نەتەوایەتی تەنیا سووچێکی خەباتە و بە بێ خەباتی نیشتمانی کەمایەسییەکی بەرچاوی پێوە دیارە. ئەگەر ڕاستبینانە بەرەوڕووی تێکۆشانی سێ دەیەی ڕابردوومان ببینەوە و بە لێکدانەوەیەکی بەرپرسانە و خەسارناسانەوە لە چمکەکانی خەباتی سیاسی ،نەتەوەییمان بڕوانین، بۆمان دەردەکەوێ کە خەباتی نەتەوەیی هەرگیز نە توانیویەتی و نەدەشتوانێ جێگای خەباتی نیشتمانی بگرێتەوە. ئەگەر لە سێ دەیەی ڕابردوودا خەباتکارانی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیویانە گوڕوتینی بەرخۆدان زیندوو ڕاگرن، بە هەمان ڕادەش تەوەری نیشتمانیمان هەروا بە کزی هێشتوەتەوە و بگرە لاوازتریشمیان کردوە.

## چۆن دەکرێ گەڵێک بۆ خۆی ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمانەکەی داگیر کرابێ؟

بەستنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی بە چوارچیوەیەکی داتاشراوەوە بەشیوەی(فیدرالیزم) ئەگەر تا ئێستا بەرژەوەندی گەلی کوردی تێدا بەدی کرابێ کە جێی گۆمانە، لەمەودوا هیچ پاساوێک هەڵناگرێ و تیئۆرییە داتاشراوەکانی ئەو پرۆسەیەش ڕەنگ و ڕوویان کاڵ بۆتەوە. کەوابێ ناکرێ چاوەڕوان بین نەتەوی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمانەکەی داگیر کرابێ، یان لە مڵکیەتی تایبەتی وڵاتیکی دیکە دا بەشیوە کۆلۆنییەک بمینێتەوە. ئەگەر باوەڕمان بەوە بێ کە سەردەمی کۆلۆنیالیزمان تێپەڕاندوە و ئەو چەشنە دەسەڵاتە سیاسی و ئابوورییە بۆ هەتا هەتایە گۆڕ کراوە، ئیتر بە جیا هێشتنەوەی خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی نیشتمانی، ئەویش لەو چوارچیوە داتاشراوە دا هیچ مانایەک نابەخشێ، بێجگە لە ناڕاستبینیی سیاسی. هەر تاکێکی نیو کۆمەڵگای کوردستان، هەر حیزب یان ڕێکخراوێکی کوردی، هەرکۆر یان کۆمەڵێکی فەرهەنگی، کولتوری، سینفی، مەدەنی، حقوقی .. ، باوەڕیان ئەوە بێ کە کورد یەک نەتەوەیە و کوردستانیش یەک وڵاتە، لەو حاڵەتەدا دەبێ بە لەخۆبردوویەوە و بە ئاشکەرا بڵێن کە کوردستان موڵکی تایبەتی و بە قەواڵەکراوی هیچ وڵات و نەتەوەیەکی دیکە نییە.

یەکێک لەو گرفتە چارەسەر نەکراوانەی کە تاکوو ئێستاش بە سەر دەستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ماوەتەوە و لە سەری بووەتە ماڵ، کیشانی یەدەکێکە وەک پاشکۆ بەناوی (ئێران)،کە خەباتی نیشتمانیی ئێمەی خەوشدار کردوە و خزاندویەتە سوچی حیزبایەتییەوە بۆ ڕازیکردنی دڵی نەتەوەی باڵادەست. هەربۆیەشە نەمانتوانیوە ببینە خاوەن گوتارێک کە هەم هزری و نەتەوەیی بێ، هەمیش بەرینایەتی نیشتمانیش بگرێتەوە و چی دیکە لەبازنەیەکی بەرتەسکدا نەسووڕێینەوە.

## هزر تەنیا نەتەوەیی نییە، بەڵکو نیشتمانییشە!

ئەگەر هزر و بیری نەتەوەیی نیشتمانی نەیتوانیوە وەک پرۆسە بەشدار بێ لە بزاڤی ڕزگاریخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا، هۆکارە سەرەکییەکەی بۆ خۆمانین، نەگ داگیرکەر. حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردی لە ڕاگەنەکانی خۆیاندا ڕادەگەیەنین کە پارێزگاکانی ورمێ، سنە، کرماشان و ئیلام بەشێکن لە کوردستان. هەر بەو پێناسەیەش دانیشتوانەکەی دەبنە خەڵکی کوردستان و ئامانجی سەرەکییش دەکەینە ڕزگاریی ئەو خەڵکە. بەڵام لە هەمان کاتدا خۆمان بەستۆتەوە بە هیندێک بەرژەوەندی کورتخایەنەوە کە ئەسڵی ستراتیژی کە خەباتی بۆ دەکرێ دەچێتە ژێر پرسیارەوە. لێردایە کە پرسی نیشتمانی لەبیر دەکرێ و پرسی نەتەوەییش دەبەسترێتەوە بە چوارچیوەیەکی داتاشراوی فکری حیزبی و ڕێکخراوەییەوە کە ئیتر وەک گەمەی سیاسییش نایەنە ناساندن، چ بگاتە مانۆڕی سیاسی. پێداگرتن لە سەر ئەو پرۆسە و پێناسە کۆنەی خەبات، واتە بە جیا ڕاگرتنی خەباتی نەتەوەیی لە خەباتی نیشتمانی کە تاکوو ئێستا بەردەوامە، بەرهەمی فکری دەوڵەت نەتەوەی بەسەقەت لەدایکبوی نەتەوەی باڵادەستە و نیشانەی کەڵک وەرنەگرتن لە ئەزموونەکانی ڕابردووە. مەبەست لێرە دا ئەوەیە کە ئەگەر تاکوو دوێنێ تاکتیکەکان بە چەندین هۆ لە خزمەت ستراتیژیدا بوون، ئەمڕۆبە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی ڕووداوەکان، پێچەوانەی ئەو تیئۆریانەی ئیسبات بووە کە بنەمای ڕزگاریی نەتەوەییان لە سەر دارێژرابوو. کەوابێ دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی هیچکامیان بە تەنیایی تەواو نین، بەڵکوو هەردووکیان تەواوکەری یەکترن. واتە ناکرێ نەتەوە ڕزگار بێ، بەڵام نیشتمان داگیرکراو. هەروەک ناکرێ نیشتمان ڕزگار بێ، بەڵام هەموو مافەکانی نەتەوەیی زەوت کرابێ.

کە وای لێهات: ئەگەر تا ئەمڕۆ هەلومەرج بۆ پێکەوە گرێدانی دوو لایەنی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی نەڕەخساو یان نەگونجاو هاتوەتە بەرچاو، ئێستا ئەو هەلومەرجە بە پێچەوانەیە و هزر و بیری نیشتمانی لە کومەڵگەی کوردستان ڕەوتێکی دیکە و پێناسە و گوتارێکی دیکە لە بەرخۆدان بۆ ڕزگاری دەخوازێ. ئەگەر بمانەوێ لەدوارۆژی سناریۆکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا ناوچەی دابڕاو و کێشەی ئەورۆی باشووری کوردستانمان نەبێ، دەبێ پرۆسەی بە نیشتمانی و نەتەوەیی کردنی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەینە هەوینی چالاکیەکانمان و نیشان بدەین ئەوەی کە داوای دەکەین و خەباتی بۆ دەکەین، هەر ئەوەیە کە بڕوامان پێیە.

## کورد نەتەوەیەکە و کوردستانیش وڵاتێکە کە دابەش کراوە!

داننان بەو ڕاستییە کە « کورد نەتەوەیەکە و کوردستانیش وڵاتێکە کە دابەش کراوە« ئەو هەنگاوە سەرەتاییە کە لە لایان بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە هەڵگیراوە، سەرەتایەکە بۆ گرێدانی دوو چمکی سەرەکیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی و نیشتمانی کە دەبێ وەک دەسکەوتێکی مەزن پێشوازی لێ بکرێ و ئاماژەی ڕاشکاوانە بەو ڕاستییەیە کە کوردستان وڵاتی کوردانە و نابێ چی دیکە بە پاشکۆی وڵاتێکی بەسەقەتی لەدایکبوودا بمێنێتەوە. ڕەستەی کورد نەتەوەیەکە و کوردستان وڵاتێکە، دبێ نیشانەی هەستکردن بەو بەرپرسایەتییە مێژووییە بێ و هاتبێتە سەر ئەوباوەڕە کە پرۆسەی سەقەتی بیچمگرتنی «دەوڵەت- نەتەوە« لە ئێران کە ڕەزای میرپەنج دەستی پیکرد، لە بەر ئەوەی بە سەقەتی لە دایک بووە، هەتا مابێ بە سەقەتیش

سەرچاوە Serchawe

دەمینێتەوە. کورد لە رۆژهەڵات دەبێ بەو ئاکامە بگا کە لە پرۆسەی سەقەتی «دەوڵەت- نەتەوە»دا ئەوە تەنیا پرۆسەکە نییە کە سەقەتە. بەڵکوو شیوەی بیرکردنەوە و هەڵویست گردنی کۆمەڵگاکەش لە بەرژەوەندی ئەو سەقەت بوونەدا پەروەردە کراوە.

کەوابێ چاوەڕوانی کردن لە پرۆسەیەک (دروستکرنی ئێران) کە بە سەقەتی لە دایک بووە و بە سەدان میلیارد سەرمایەی بۆ خەرج کراوە و بە دەیان ساڵ تیئۆریی بۆ داتاشتراوە و کاری بۆ کراوە، چ مانایەک نابەخشێ بێجگە لە درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو رەوتە سەقەتە. لێرەدایە کە ئەو بەشە لە حیزب و رێکخراوەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە هێشتا پرسی سەروەریی نەتەوەیی و رزگاریی نیشتمانی دەبەستنەوە بەو «بە سەقەت لە دایک بووەوە»، بۆ خۆیان دەبنە هۆیەک بۆ درێژ کردنەوەی تەمەنی ئەو» دەوڵەت - نەتەوە» سەقەتە کە هەنووکەش جیا لە نەتەوەی باڵادەست، بیر و هزری بەشێک لە کۆمەڵگای کوردی بە بارمتە گرتوە. بە سەرنج دان بەو راستیانە کە بەرەوروومانن و بوونەتە گوتاری رۆژ، جێی خۆیەتی چی دیکە خەبات بۆ رزگاریی نیشتمان نەخرێتە پەراوێزی خەباتی نەتەوییەوە و نەبەسرێتەوە بەو چوارچیوە داتاشراوەوە کە لە مێژە خۆی تاقی کردوەتەوە و هیچ بەرهەمێکیشی بۆ کوردی رۆژهەڵات بە دواوە نەبووە، بێجگە لە نەهامەتی و ماڵوێرانی.

کەوابو: هێشتنەوەی خەباتی نیشتمانی و بەستنەوەی بەو چوارچیوە بە سەقەت لە دایک بووەوە، لەژێر هەرناویکدا بێ، لە بەرژەوەندی گەلی کورد دا نیەو خەباتی نەتەوەییش بۆ خۆی لەو بازنە بەرتەسکەدا دەمینێتەوە کە تاکوو ئێستا تێدا خولاوەتەوە.

٢٢ ی نوامبری ٢٠١١

کوردستان و کورد

======================================================================

# یادێک لە کۆچی دوایی دوکتورکامران عەلی بەدرخان

کامەران عەلی بەدرخان لە ٢١ی ئاگوستی ١٨٩٥ لە ئەستەنبوول لەدایکبووە و کوڕی ئەمین عەلی بەدرخانی کوردی بەدرخانی بەگی میری بۆتانە. کامەران چالاکەوانێکی ڕامیاری، دادپەروەر و نووسەرێکی سەرکەوتوو بووە.



باوکی کامەران بەچالاکەوانێکی ڕامیاری مەزن لە مێژووی بزووتنەوەری ڕزگاریخوازی کوردیدا دەناسرێت، هەروەها جەلادەتی برای بە داهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی ناوبانگی هەیە.

کامەران لەساڵی ١٩٥٤دا خاتوو"Nathalie d'Ossovetzky" ، میری پۆڵۆنیا، دەهێنێت و تا کۆچی دوایی لەساڵی ١٩٧٥دا پێکەوە دەژین. دەرئەنجامی ئەم هاوسەرگیرییەش هیچ منداڵێک ناخەنەوە.

کامەران لە ئەستەنبوول سەردانی قوتابخانەیەکی فەڕەنسی بەناوی "mekteb-i sultânî" دەکات.

لەنێوان ساڵەکانی ١٩٠٦ بۆ ١٩٠٨ لەگەڵ خێزانەکەی لە ئەستەنبوول بەهۆی گومانی تێوەگلان لە کوشتنی "ڕەزوان پادشا" دووردەخرێنەوە. کامەران لە "Isparta" و "Akkon" دەژی. دوای گەڕانەوەیان بۆ ئەستەنبوول کامەران یاسا دەخوێنێت و دوای تەواوکردنی وەک پارێزەرێک کار دەکات.

لەساڵی ١٩١٨دا وەک هەموو ئەندامانی دیکەی خێزانەکەی دەبێتە ئەندامی "Kürdistan Teali Cemiyeti".

کاتێک جەنگی جیهانی یەکەم کۆتایی هات و عوسمانییەکان شکستیان هێنا و "موستەفا کەمال" دەسەڵاتی گرتە دەست، کامەران دژی "موستەفا کەمال" بوو، هەربۆیە لەساڵی ١٩١٩دا لەسەر فەرمانی دەسەڵاتدارانی ئەستەنبوول لەگەڵ کوڕەکانیدا، پارێزگاری "Harput" و ئەفسەری بەریتانی "Edward W. C. Noel"بەرەوو "Sivas" بڕۆن، تا کۆنگرەکە "موستەفا کەمال" تێکبدەن و دواتر دەستگیری بکەن. بەڵام ئەم کارە بەئەنجام نەگەیشت.

پاش ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیا لەلایەن "موستەفا کەمال"ەوە، کامەران تورکیا بەجێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە ئەڵمانیا. سەرەتا لەگەڵ خانەوادەکەی لە میونیخ دەژی و دواتر ڕوو دەکاتە شاری لایپزگ و لەوێ دکتۆرا بەدەستدەهێنێت. لەدوای ساڵی ١٩٢٧ لە سوریا نیشتەجێ دەبێت و دەچێتە ڕیزی ڕێکخراوی "Xoybûn".هاوکات یارمەتی براکەی بۆ دەرچوواندنی ڕۆژنامەی "Hawar" دەدات.

لەنێوان ساڵی ١٩٤٣ بۆ ١٩٤٦ کامەران لە بەیروت گۆڤاری "Roja Nû" و "Stêr" بەهەردوو زمانی فەڕەنسی و کوردی دەردەکات. لەساڵەکانی داهاتووتردا لە ئەڵمانیا و فەڕەنسا ژیان بەسەر دەبات. ئەوساتەی لە سییەکانی سەدەی پێشوودا لە بەرلین دەبێت، بە ئێرانیناس "Karl Hadank"ئاشنا دەبێت. لەساڵی ١٩٤٨دا دەبێتە ئەندامی لە=) "Institut national des langues et civilisations orientales" پەیمانگای زمان و شارستانییە ڕۆژهەڵاتییەکان.(

لەساڵی ١٩٦٠دا دەبێتە وتەبێژی مەلا موستەفای بەرزانی لە ئەوروپا و هاوکات دەبێتە خاڵێکی گرنگ لە پەیوەندی نێوان کورد و ئیسرائیلدا. لەو کاتەدا ئیسرائیل کوردی وەک کەرەسەیەکی لاوازکردنی سوپای ئێراق تەماشا دەکرد.

لەساڵی ١٩٧٠دا کامەران خۆی خانەنشین دەکات.

دوکتور کامران بەدرخان چالاکوانی رامیاری،دادپەروە،نووسەر و داهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی و ئەندامی خۆیبوون لە ١٩ی دیسامبری ١٩٧٨لە شاری پاریسی فەرانسە کۆچی دوایی دەکات.

وەک ڕێزلێنانێک بۆ کارەکانی بە دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای کوردی لە پاریس ناوبرا.

# کەمپ نشین یان فیدائیانی گەل

برایم جەهانگیری



**وردە سەرنجێک لە سەر بۆچوونی هیندێ روناکبیری کورد**

خۆزگە مرۆڤ بەر لەوەی قسە بکات تەنیا 2 دەقیقە لە ئاکام و رەنگدانەوەی قسەکەی ورد بێتەوە، پاشان کەس ناتوانێ پێشی پێبگرێ، هەروەک ئەوەی کەسانێک بە دەیان جارو بەهەوەنتە قسە فرێ دەدەن و کەسیش نییە لێیان پرسێتەوە کە ئەم قسەیە و ئەو حوکمە بە کام پێوەر و پێوانە ؟ بەکام بەڵگەو دیکۆمێنت لەسەر خەڵکی دەکەی بەماڵ؟ یان بە داخەوە ویژدانێکیش نییە کە لانی کەم بەر لەخەوتن بە چەند چرکەیەک تۆزێک بەرۆکیان توند بکات و نقورچێک لە بیری پڕ لەخەیاڵی پەمەییان بگرێ ولە خەوێک رایان چڵەکێنێ کە هەر خۆیان تێیدا زەرەر مەند دەبن و لە کاروانی هەردەم وشیارو مەنتیقی مرۆڤایەتی وەدوا دەکەون.

زۆر جار لێرەو لەوێ گوێت لێ دەبێ یان لە ماڵپەرەکان دەبینی کە بەڕیزێک باس لە مەسەلەی ئافریقای باشوور دەکات بەڵام بۆ ئەوەی پێی بڵێین رەخنەگرە و رۆشنبیرە و ئاکادیمییە! بادەداتەوە لای خۆمان و چون دیواری کەس لە هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کورتتر نابینێ ، یەکسەر دادەبەزێتە سەریان و بە نێوی سەیرو سەمەرەی کەمپ نشین و ئۆردوگا نشین باسیان لێوە دەکات و چییان بە بەرەوە ناهێڵێ، دە رستەی ئیفتیفەدار دا وەهایان بیراز دەکات کە کەسێکی ناشارەزا بێ دەڵی داخوا ئەو حیزبانەی رۆژهەڵات چ تاوانبارێکن؟

" پاڵیان لێ داوەتەوە و خەریکی کاسبی کردنن، ماشێنی چاکیان دەبن پێی دایە، کچ وکورەکانیان لیباسی وا و وا لەبەر دەکەن؟!" جا لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو شیوە بیرو باوەڕە بڵاو دەکەنەوە زۆربەی هەرە زۆریان دەنگیان لە جێگای گەرمەوە دێ؟ وەک منی بێ خەمی جێ گەرمونەرم پاڵیان لێ داوەتەوە ولەباسی کوردایەتی دا کەمتر لە سەربەخۆیی چوار پارچەی کوردستان بە هیچ رازی نیین؟! بەڵام لە گەنگاوێ عەمەلیشدا پڕن لە هیچ! کەس نییە بڵێ کاکی برا کێ پێشی پێگرتووی ئەوە ئەرز و ئەوە گەز! فەرموو پێشمان کەوە ئیمەش بەدوات دا دێین! بەقەولی زانایەکی فارس دەڵێ سەت گوتە وەک نیو کردار نییە! یان کورد گوتەنی قسە فەقیرە هەموو کەس پێی دەوێرێ. دەنا فەرموون خۆ ئەوانەی وا بە سێلەی رەحمەوە دەڕواننە کوردستان و بەردی خەمخۆری بۆ لە سینگ دەدەن کەمیش نین با حیزبێک بۆ رۆژهەڵات پێک بێنن و ئەو بەشە لە نیشتمانی داگیرکراو رزگار بکەن!

**کێین ئەوانەی ئۆردوگا نشینن؟ کەمپ نشینەکان کێن؟**

لە نێو ئەو ئۆردوگا نشینانە باسی سەرکردەکان ناکەم بەڵام پرسیارێک لە هەموو ئەو رۆشنبیرە خۆبەزلزانانە دەکەم کە بێئینسافانە تەنیا بۆ ئەوەی خۆیان ڕابنێین وکەمو کوورییە دەرونییەکانیان قەرەبوو بکەنەوە چەکی بێمحەل دەکێشن و شێری دەرەوەی مەیدانی شەڕن! ئەوانەی تێکۆشەرانی رۆژهەڵات بە حدکا و حدک و کۆمەلەوە بە ئۆردوگا نشین و کەمپ نشین دەزانن. کێهاتان ئیرادەی پۆڵایینی خوشکە خەدیجەی مەعزورتان هەیە؟ کامتان نیوەی نیو هێندی ئەو باوەرتان بە کێشەی کورد و مەسەلە رەواکەی هەیە؟ کامەتان بە کردەوە نیوەی نیو هێندێ ئەو قارەمانە و ئەو نموونەی ژنانی خەباتکاری رۆژهەڵات لە مەیدانی سەختی خەبات دا خۆراگر بوون؟ ئاخر نە ئەوەیە کە بەهەر دەلیل و بیانوویەک بێ (حەق و ناحەق) کوردستانتان بەجێ هێشت وهەر ئیستا لە باشترین و ئاسوودەترین هەلومەرج دا ژیان دەبەنە سەر؟! (لانی کەم لە پێک هەڵکێشان دەگەل ئەوکەسانەی ئیوە پێیان دەڵێن کەمپ نشین! )

من لەو برگەیە دا خەدیجەی مەعزوور وەک نموونە دێنمەوە دەنا با پۆڵا خۆرەکان برۆن لە ریزی خەباتکارانی حدک و حدکا و کۆمەڵە و هەموو هێز و لایەنەکانی دیکەدا بە چاوی خۆیان ببینن کە بە دەیان ژن و پیاوی وای تێدایە کە هەموو تەمەنی ئاکتیوو ئەرینی خۆیان لە پێناو ئامانجە رەواکانی گەلێ کورد دا فیدا کردوە. ئەو کۆمەڵە خەڵکە نەتەنیا نابێ بەو چاوە سەیر بکرێن بەڵکوو دەبێ ژیاننامەکەیان بکرێتە رۆمان و بەرەی داهاتوو دەرسی خۆراگری و فیداکاریان لێ وەرگرێ. برۆن ببینن ئەو کۆمەڵە مرۆڤەش رەنگە حەزیان لەوە بێ وەک منو تۆ خۆیان و منداڵەکانێان بگەیەننە وڵاتێکی ئەمن و لە وێندەرێ بەشێنەیی جارو بار لەپەسنی کوردایەتی تۆخ دا لاپەڕەیەکی ماڵپەرەکان رەش کەنەوە؟! بەڵام نەیان کرد، نەک نەیان کرد بەڵکوو هێندێکیان لە ئوروپاوە گەڕانەوە کوردستان و لەو پەڕی بێ ئیمکاناتی دا بە کردەوە لە مەیدانی خەبات و بەرخۆدانی ئازادیخوازانە دا بەشداریان کردووە.

تاوانە، بێ ئیسافییە ، ستەمە، ناوی ئەو خەڵکە بنێن کەمپ نشین؟! ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو لایەک باش دەزانین کە هەلومەرجی باشوور وای کردوە کە هیزەکانی رۆژهەڵات وەک جاری جاران نەتوانن هەلسو کەوت بکەن. ئەو وەزعەی هەیە ویستی هیچ هیزو لایەنێکی رۆژهەڵات نییە بەڵکوو هەلومەرج بەسەری داسەپاندوون. ناودێر کردنی شۆڕشگێرانی رۆژهەڵات بە کەمپنشینی، بەکەمگرتنی رەنج و بەرخۆدانی خەباتکارانی خۆڕاگری رۆژهەڵاتی کوردستانە کە ویستی ریژیمی ئیسلامی ئیران و دوژمنانی کوردستانە و هیچی دیکە نییە، بۆیە هیوادارم هیچ کوردێک وشەی کەمپ نشین و ئۆردۆگا نشین بۆ فیدائیانی گەلی کوردی رۆژهەڵات بەکار نەهێنێ. ئەوانە هەر هەموویان بە حەق فیدائیانی خەلکی کوردستانن، کەسانێکن کە بە کردەوە هەموو ژیان و تەمەنی خۆیان فیدای ئاماج و ئارەزووەکانی خەڵکی کوردستان کردووە، لەجیاتی بریندار کردنی شعوری ئەو کۆمەڵە مرۆڤە حەق وابوو رۆژێک تەرخان بکرێ بۆ ریز لێنان لە خۆڕاگری و فیداکاری ئەو ئینسانانەی دەیان توانی وەک مەمانان لە هەندەران و لە بەهەشتی پەنابەران پاڵی لێ وەدەن بەڵام نەیان ویست و نەیان کرد. دەشتی رەق و تەقی کۆیە و شوێنەکانی دیکەی باشووریان هەڵبژارد بەڵام رەمز و سیمبۆلی خەباتی نەتەوەیی و نیشتمانی رۆژ هەڵاتیان بەرز و درەوشاوە راگرت.

تێ بینی : ئەو بابەتە روانگەیەکی گشتییە و پیوەندی بە هیچ تاکێکی دیاری کراوەوە نییە. ویبلاگی : کوردستان بیری ئازاد

## ئەو هیوایەی کە نەتەوەی کورد لەساڵی (١٩٢٠) دا لەسەر پەیمانی سیڤەر هەڵیچنیبوو بە ماڵ وێران کردنو کارەساتێکی جەرگ بر بۆ کورد.

لە پەیماننامەی (لۆزان)دا بەدەرکەوت، بە ڵام بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵ بۆتورکەکان کۆتایی هات ، ئەوەش بەهۆی سیاسەتی دۆستانەی تازە دروست بووی شوورەوی بوو بەرامبەر بە کەمالیستەکان ویارمەتیو پاڵپشتییان لەلایەک و ناکۆکی نێوان هێزە هاو پەیمانە رۆژئاواییەکان و بز ووتنەوەی چەکداری موستەفا کەمال ئەتاتورکێس لەلەیەن فەرەنساوە، چارەنوسی کوردیان لە دامەزراندی دەوڵەتێکی ناسیۆناڵەوە گۆری بۆ ژێر دەستەیی پارچە پارچەکردنی نیشتمانەکەی.تا دەست پێکردنی شەری جیهانی دووەم.

داگیر کردنی کوردستانی رۆژهەڵات لەلایەن سوپای روس وئینگلیزەوە بووە هۆی هەلگیرساندنی سێ شەری گەورە لە کوردستانی باکووردا ، دژی ژینۆسایدی رژێمی کەمالیزمەکان. لە پێناوی کوردستانێکی سە ربەخۆدا ، مەخابن ئەوانیش بە شکست و ژێر دەستەی کورد کۆتای هات. پێش سێ ساڵ بە کۆتایی هاتنی شەری جیهانی دووەم ،هیوا گەڕایەوە بۆ کوردەکان لەبەشی رۆژهەڵاتدا ، هەلێکی باش رەخسا بۆکوردەکان کە درێژە بە خەباتی سیاسی خۆیان بدەن، چونکە ئێران لەو کاتەدا دەسەلاتی ئیداری و سوپای لە کوردستاندا نەمابوو، تێکۆشانی کورد لە لایەن کۆمەڵەی (ژ.ک ) لەماوەی دوو ساڵدا توانیان زۆرێک لە دانیشتوان بەهەستێکی کورد پەروەرانە گۆش بکەن و لە رێگەی گۆڤاری (نیشتمان)ە وە بانگی سەربەخۆیی وکوردستانێکی یەکگرتووی بدات. دوای پەیمانە شومەکەی (لۆزان ) کۆمە ڵەی (ژ.ک)توانی نوێنەری هەرسێ پارچەی کوردستان لە چیای (داڵنبەر)کۆبکاتەوەو هەوڵ و خەباتیان لە گەر خەن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆیی یەکگرتوو.هەرچەندە پەیوەندی نێوان کوردو روس زیاد لە سەد ساڵێک دەبوو، زۆرێک لەسەرکردەو سەردارانی کورد دانوستانیان لە گەڵ روسەکاندا کردبوو بە مسۆگەر کردنی لانی کەم گەر پالپشتیشیان نەبن پشتی دوژمن نەگرن.

لە سەردەمی (شووروویدا) زیاتر دەمامکەکان دەرکەوتن و مەسەلەی کورد لە مافی چارەنووسی لە کوردستانێکی سەربەخۆدا گۆری بە (خود موختاری)دوایش بەوە رازی نەبوون کرا بەدەسەلاتێکی ئیداری(

سەرچاوە
Serchawe

لامەرکەزی) .

ئێمەی کوردیش بەدرێژایی ئەو مێژووە غەدرمان لێکراوەو زێدی باو باپیرانمان بێناسنامە ماوەتەوە هەڵبەتە ئێمەی خۆراگریش لەبەردەم ئەم هەموو داگیرکردنانەدا لەبەر خودانا بووین و بزوتنەوەی کوردایەتی بە سەرۆکایەتی (قازی محەمەد) وسەرداران و رۆڵە وهێزی میللەتەکەی کۆماری مهاباد لە مەیدانی چوار چرا راگەیندرا، ئەم سەرکەوتنە مەزنە لە لاپەرەکانی مێژوودا تۆمار کرا. ئەوەندەی نەخایاند دیسانەوە بە پیلانی دوژمنانی کە روس و سەرەک وەزیرانی ئەو دەمەی ئێران ، لە پێناوی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان کوردو مەسەلە رەواکەیان کردە قوربانی سیاسەتی تەڵە کەبازانە و بێ مرۆییانەیان. دوای ئەوە خەبات و بزوتنەوەی کورد بەسەرۆکایەتی بارزانی دەستی پێکردوو بەداخەوە ئەویش بە نسکۆی ساڵی (1975) کۆتای هات ونەگەیشتنە هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم میللەتە یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەم نسکۆیە خیانەتی محەمەد رەزای شای ئێران و رێکەوتن نامەی جەزائیر بوو.

دیارە مێژوو خۆی تۆمار دەکاتەوە، لەماوەی ئەم سەد ساڵەدا سێیەمین دەرفەت کە بۆ کوردەکان هاتبێتە پێش ،ئەویش دەستکەوتی کوردستانی باشوورە لە ژێر ناوی' حکومەتی فیدرالی کوردستانی ئازاد' دا دیارە ئەم دەستکەوتە، هەوڵی خەبات و شۆرشە یەک لەدوا یەکەکانی کوردەو جێیی هیوایە بۆ بەشەکانی تری کوردستان. ئاشکرایە سیاسەتی وولاتانی داگیرکەرو زلهێزەکانی دنیا بەدرێژای مێژوو هەتا هەنووکە سیاسەتی ( پەرتکە وزاڵ ) بەی عوسمانیەکان پیادە دەکەن و بەرنامەو پرۆگرامیانە و سەلماندیان کە هیچ کات پشت وپانەی کوردان نەبوون وناشبن، بگرە هەوڵ بۆ هەلوەشاندنەوەی ریزەکانی گەلی کورد دەدەن و پارچە پارچەکردنی خاکەکەیان. لەم سۆنگەیەوە کە من وەک تاکێکی ئەم میللەتە ژێر دەستەیە رۆچونێک بەناو مێژووماندا دەمگەیەنێتە ئەو ئاستەی کۆمەڵی راو بۆچونی خۆم راشکاوانە باس بکەم و وکاتی ئەوە هاتووە پەنجە بخەینە سەر ئازارەکانمان ، بەچەند پرسیارێ دێمە گۆ.

ئایا بۆ تا ئێستا لەگەڵ ئە و مێژووە پرلە خەبات و پر ئازەرەماندا نەمانتوانیوە سەربەخۆیی سەرتاسەریی بەدەست بهێنین؟ هۆکاری سەرەکی نوشستیمان چییە ؟ ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بە هەموو چین و توێژە جیاکانی نەتەوە هەر لە رۆشبیرو و هونەرمەند وسیاسەتمەدارەکانمانەوە بۆچوون و شیکردنەوە و راڤەکردنێکی سەردەمیانە و تازەمان هەبێ بۆ رابردوو و ئێستا و داهاتوومان؟خوێندنەوەیەکی وردبینانەو زانستیانەو شی کردنەوەی کەسایەتییە مێژوییەکان وسوود بینین لە رابردوو ، تا دووبارە ئەو هەلانە دووبارە نەبێتەوە.

بەرای من هوکاری، دەرەکی و ناوەکییە ،هۆکاری دەرەکی ئاشکرایە وولاتانی داگیر کەر وزلهێزەکانی دنیا هەموو جۆرە رێگەیەک دەگرنە بەر کە کورد نەتوانێت تێیدا گەشە بکات وداوای سەربەخۆیی بکات هەر جارەی بە هۆیەک بێ بەڵێنی و پەیمان شکێنی چارە نووسی کوردیان بەرەو هەڵدێر بردووە ،لە پێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان .دووەم هۆکار ناوەکییە، ئەو هەموو راپەڕین و شۆڕشانەی لەم نیشتمانە بەش بەشبووەدا بەرپا بووە بە رێژەیەکی زۆربە سۆزی نەتەوەیی کراوە . هزری نەتەوەیی پێگەی خۆی وەکو پێویست دانەکوتاوە لەناو مێشک و بونیاد بوونی هەموو تاکێکدا ،ئەمە راستییەکی تاڵە و چۆن بتوانین ئەم هزرە لە ڕووی رامیاری و ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئاینییەوە بۆ پەرژەوەندی سەر بە خۆیی نەتەوە ئامادە بکەین . هۆی سەرەکیش ئەوە بووە کە ئێمە تا ئێستاش نەمانتوانیوە بە پێی پێویست بەرنامەرێژیەک بکەین بۆ پەروەردەکردنی تاکێکی کوردی چەکدار بە بیری نەتەوایەتی.هەروەها تاکی کورد ئا گاداری مێژووی خۆی نییە،بێئاگایی لە رابردوو دەبێتە مایەی فەرامۆش کردنی ئایندە بە بۆچونی من یەکەم هەنگاومان دەبێ لە پەروەردەکردنی ناو خێزانەوە دەستپێبکات ،هەر لێرەشەوە چەمکی نیشتمانپەروەریی ئاشنابکەین بە ئەندامەکانی و دواتر شۆڕببێتەوە بۆ خوێندنگاکان و بەشەکانی تری ژیان ، دەبێ فیری ئەوە ببین کە چۆن تاکێکی تۆکمەی هۆشیار و دلسۆز بە نیشتمان و نەتەوە پەروەردە بکەین باوەری تەواوی بە بوونی خۆی هەبێت و سوور بێت لەسەر چەسپاندنی مافەکانی بە هزرێکی نەتەوەیی ، ئەو کات بۆ خۆی رێرەوی تەندروست و گونجاوی خۆی لە هەموو رویەکەوە دەبینێتەوە .

بوونی هزری نەتەوایەتی بۆ میللەتان کە پەیامە پیرۆزەکەی ئازادی و سەربەخۆییە پێویستیەکی رەهایە ، بەتایبەتی بۆ ئێمەی کورد، کە تائێستا لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا دەناڵێنین ، مانای راستەقینەیە بۆ ژیان ، خزمەتکردنە بە ئایندی نەتەوە و گەیشتنە بەکەینونەی بوون .

کەواتە ئێمە کاتێک مانا دەدە ین بە بوونمان کە بتوانین بەگشتی خزمەتێک بە مرۆڤایەتی بگەیەنین و بەتایبەتیش ئامانجە نەتەوەیەکانمان لە پێناوی سەربەخۆیی سەرتاسەری لە هەر ئاستێک دابێت بهێنێتە دی ، دەنا ئەگەر ژیان بەمانا سادە و شێوە ساکارەکەی بەرێوە بچێ و دواتر بەمردن کۆتایی بێت ، دەشێ بوترێ نەبوون چاترە لەبوون . ئێمە دەبێت بمرین بۆ ئەوەی سەروەری بۆ نەتەوە بەدەست بهێنین کە مانای ژیانە بۆ مرۆڤایاتی.

بەدرێژایی مێژوو سەدەها خەڵکی زانا و مرۆڤ دۆست و تێکۆشەر لە پێناو جاویدانبوونیان ، توانیویانە سەروەری بۆ مرۆفایەتی بەدەست بێنن . راستە بە شێوە ی جەستەیی و فیزیکی مردوون بەلام هەتا ئێستاش بە کار و هزریان خزمەتی مرۆڤایەتی دەکەن و مانای باشتر دەدەن بە ژیان ، بەرەنگێکی تر لەم گەردوونە باس لە بەها مرۆییەکان و ئازادی تاک دەکەن ، کەواتە مرۆڤە گیان لەسەردەستەکان و لەخۆ بوردەکان هەردەم دوای خۆشیان ژیان بۆ ئایندەی مرۆڤایەتی بەرجەستە دەکەن ، بەمەش چەمکە راستیەکانی بوون دەسەلمێنن .

مێژووی نەتەوەکەمان بە پێنووسی داگیرکەران نووسراوەتەوە ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە دەسەڵات دارانی کورد لەهەر پارچەیەکی نیشتمان باڵا دەستبن یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانیان ئەوەیە خاڵە چەواشەکراوەکانی مێژوو سەرلەنوێ دارێژنەوە ،هەوڵی یەکگرتنی ریزەکانیان بدەن دیارە هەموو ئەم هەوڵانە دەسەلاتێکی تۆکمە بە هزری نەتەوایەتی و دلسۆزی خاکەکەی دەوێت رابەرێک بێت لە ئاست ئەم بەرپرسیارە مێژوویەدا بێت .

ئازادی و سەربەخۆیی بنەمای بوونە ، هەموو تاکێکی ووشیار دەزانێ کە سیاسەت مەدارانی کورد تا ئێستا لە خەباتی چەکداری و حیزبایەتی زیاتر هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆیان بەرەو دامەزراندنی پێگەی بتەوی دەسەڵاتێکی رەهای نەتەوەییان نەناوە ،کە بەرژەوەندی کوردستانی بوون وخزمەت کردن بە میللەت و خاکەکەی پێش بەرژەوەندیە تایبەتی و حیزبی یەکان بێت ، هەر لەبەر ئەوەشە دەبێ رووناکبیران بە ئەرکی نەتەوایەتی خۆیان هەستن و پێگەی هەنگاوەکانیان بەپێی بنەما پێشکەوتووەکانی سەردەم شوێنکەنەوە و هەوڵەکانیان سەرجەم لە پێناو ئامادە باشی بێت بۆ ریکخستنی هۆکارە سەرەکیەکانی هێنانەدی دەسەڵاتێکی رەها ی ئەوتۆ کە بتوانێ ئایندەیەکی روون بۆ نەوەکانی داهاتوو فەراهەمکا و بیانگەیەنێتە لێواری ئارامی وسەربەخۆیی . هەوڵەکان یەکبخەن بۆ نوسینەوەی زمانیکی ستاندارتی کوردی تا هەموو بەشەکانی کوردستان تییدا بەشداربن لە گۆرینەوەی زانیاری جێگەی شانازیمان بێت . لەم بارودۆخەی ئێستاماندا پێویستمان بە شۆرشیکی هۆشیاری هەیە لە هەموو رویەکەوە ، رامیاری و ئابووری و کۆمەلایەتی و زانستی و ...هتد

هێنانەدی ئەم ئامانجانە پرۆسەیەکی یەکلایەنە نیە و سەر بەیەک حیزب و پارتێک نیە ، بەلکو هەوڵدانێکی سەرجەم چین و توێژەکانی هاونیشتیمانیانە لەسەرجەم بەشەکانی کوردستان هەماهەنگی لەنێوان سەرجەم پارچەکان چێ ببێت و ئازارەکانی هەربەشێک بە ئازاری یەکتر بزانرێ ، هەروەها دەشێ رۆشنبێران و هونەرمەندان و زانستپەروەرانیش لەسەرتا سەری کوردستان وتار و چالاکیەکانیان یەکخەن و پێکەوە لەگەڵ کێشەرەواکانی نەتەوەیەکەیان خۆیان بە جیهان بناسێنن .

لە کوتایی دا دەشێ هەوڵدانی هەموو لایەکمان چڕ کەینەوە لە پێناو سەپاندنی هزری نەتەوایەتی دروستبوونی دەوڵەتێک کە بنچینەکەی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی بێت ، دەوڵەتێک مافی مرۆڤی تیا بەرجەستە کرابێت ، و بنەما سەرەکیەکانی ئازادی بۆتاکەکانی فەراهەم کردبێ و نەتەوەیەکی مەزنیش تێیدا سەرهەڵبێنێت .

سەرچاوەکان:

1- کەرکوک لەسەردەمی دەولەتی عوسمانی دا : گۆران ئیبراهیم ساڵەح

2- گەشتێک بە کۆماری مهاباد دا:عەقید بەکر عەبدولکەریم حەوێزی

3-فەلسەفەو ژیان: فاروق رەفیق

4- نامۆیی نەتەوەیی : مامۆستا شێخ کەریم بەرزنجی


5-ئیرلەندای باکوور لە نیوان هەریمێکی ئۆتۆنۆمو خەونی سەربەخۆییدا:سلێمان عەبدووڵا یونس .

rbahir@hotmail.com

سەرچاوە: خوێندکاری ناسیونالیستی کورد

یەکبوون United Kurdistan
کوردستان یەک وڵاتە و کوردیش یەک نەتەوەیە و دابەشکراون

# منداڵان




## ( بەسەرهاتی جووجەلەیەکی وون بوو )

نووسینی / حاتەم باتاسی

..ڕۆژێک مریشکێک لەگەڵ کۆمەڵە جووجەلە جوانەکانی خۆی کە لە گوندێک ژیانیان بەسەر دەبرد وەکو هەموو ڕۆژانی تر لەماڵەوە دەرچوون بۆ ئەوەی بەدوای بژێوی ژیانو خواردنی ڕۆژانەی خۆیان بگەڕێن . ڕۆیشتن تا هەندێک لە گوندەکە بەدوور کەوتنەوە، یەکێک لە جووجەلە جوانەکان زۆر تینووی ئەبێت بۆیە هەر لەگەڵ گەڕانو سووڕانەکە زۆر چاو لە هەندێک ئاو دەگێڕێت بۆ ئەوەی بیخواتەوە، بەڵام بێ سوود ئەبێت، هیچ ئاوێک نادۆزێتەوە تا وای لێ هات جووجەلە جوانەکە زۆر بێ تاقەت ئەبێت تەنانەت وای لێ هاتبوو لە ڕۆیشتن پەکی بکەوێتو لەگەڵ مریشکەکەو جووجەلەکانی تر دوا بکەوێتو لێیان دابڕێت . بەداخەوە مریشکەکەو جووجەلەکانی تر بەشێوازێکی ئەوتۆ ملی ڕێگایان گرتبووە بەر هیچ ئاگایەکیان لەو جووجەلە جوانە نەمابوو، تا وای لێ هات لەیەکتر جیابوونەوە، ئەتوانین بڵێین جووجەلە جوانەکە لەدایکو خوشکو براکانی خۆی ون بوو، لە چۆڵاییەک بێ کەسو بێ تاقەتو تینوو پڕ ترسو لەرز مایەوە . ...هێدی...هێدی...فرمێسکی لە چاوە جوانەکانی دەهاتە خوارەوە، هێندەی پێ نەچوو دوو جووجەلەی لەخۆی بەتەمەنتر ڕێگایان دەکەوێتە ئەو شوێنە بۆیە لێی دەپرسن:- جووجەلە جوانەکە ئەوە چیت لێ قەوماوە بێ کەسو تەنیاو بێ تاقەتو چاو پڕ لە فرمێسک دیاریت، چی دەکەی لێرە؟! جووجەلە جوانەکەش بەدەنگێکی زۆر نزم لە وەڵامدا بەسەرهاتەکەی خۆی کە چۆن وون بووە بۆ هەردوو جووجەلەکە گێڕایەوە، ئەوانیش بەڵێنیان پێدا بە هەموو هێزو هۆشێکی خۆیان هاوکاری بکەن.

..بۆیە یەکێکیان وەک پاسەوان لای جووجەلە جوانەکە ئەمێنێتەوە یەکێکی تریشیان زۆر بەپەلە دەچێت بەدوای دۆزینەوەی هەندێک ئاو کە خۆی هەندێک شارەزایی ئەو ناوەی هەبوو تا ئاوەکە دەهێنێتو لەدەمی جووجەلە جوانەکە ئەکات تا تێر ئەبێت لە ئاو خواردنەوە ئینجا جووجەلە جوانەکە وەکو خونچەیەکی جوان گەشتر ئەبێتەوەو پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی هەردوو جووجەلەکانی لەخۆی بەتەمەنتر ئەکات بۆ ئەو هاوکاریو یارمەتیەی کە لەو بارودۆخە ناخۆشە پێشکەشیان کردو بووە هۆی ڕزگاربوونیەوە. بەڵام جووجەلە جوانەکە هەر هێدی هێدی فرمێسکی لەچاوە جوانەکانیەوە دەهاتە خوارەوە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە لەدایکو خوشکو براکانی خۆی جیابۆتەوەو یەکتریان وون کردووە . بۆیە هەردوو جووجەلەکان بەڵێنیاندا زیاتر بەهانای ئەم جووجەلە جوانە بچن تاوەکو ئەو فرمێسکە ناخۆشانەی کە لە چاوە جوانەکانی دەهاتە خوارەوە هەموویان ئەبێتە فرمێسکی خۆشی، بۆیە ئەمجارەیان جووجەلە جوانەکەیان لەگەڵ خۆیان بردو پێکەوە لەدوای ماوەیەک گەڕانو سووڕانو پرسیار کردن توانیان جووجەلە جوانەکە بە مریشکەکەو جووجەلەکانی تر شاد بکەنەوەو ئەمجارەیان زەردەخەنەی خۆشی سەر لێوەکانی هەر هەموویان بگرێتو توند پڕ بەباوەش یەکتر ماچ بکەن، بەڵێ ئەمجارەیان فرمێسکە تاڵەکانی ناو چاوە جوانەکانیان هەموو بوونە فرمێسکی خۆشی، وە پێکەوە مریشکەکەو هەموو جووجەلەکان پڕ بە دڵ زۆر سوپاسی هەردوو جووجەلەکانیان کرد کە لەکاتی تەنگانەدا بەکەڵکیان هاتن .

## میوان

لە هۆنراوەکانی ( حاتەم باتاسی )

منداڵان هەر هەمووتان — کە میوان هاتە ماڵتان

خزمەتی بکەن پێویستە — چونکە زۆر خۆشەویستە

ئەوکاتی مەکەن وازی — لە ماڵ بن بۆ پێشوازی

سڵاوی لێ وەربگرن — پڕ بە دڵ ڕێزی بگرن

هەرکە دانیشت ئەوکاتی — پێی بڵێن بەخێر هاتی

ئەوەتان لە بیر نەچێ — هەتا لاتان دەردەچێ

چەند خزمەتی بکەن کەمە — دڵی خۆش دەبێ بەمە

# تەندروستی

## سیر چارەسەری لاوازی سێکس دەکات



سیر سەرەرای ئەوەی کە لەدوای خواردنیەوە بونێکی ناخۆش لەناو دەمدا پەیدادەکات ، کەچی باشترین خواردنە بۆ سەلامەتی تەندروستی مرۆڤ لە گشت لایەکەوەو چارەسەری چەندین نەخۆشی جیاوازیش دەکات .

زانایانیش هەر لە کۆنەوە باس لە سوود و گرنگی سیر دەکەن و لە دوایین لێکۆلینەوەشدا کە دکتۆر ئەحمەد جبریل پسپۆری ئەندازیاری بۆماوەیی لە زانکۆی ماینز لە ئەلمانیا ئەنجامی داوە ، دەریخستووە " کە سیر کاریگەریەکی چاڵاکی هەیە لە بەهێزکردنی توانای سێکسی لەلایەن ئەو پیاوانەی تووشی لاوازی کاری سێکسی هاتوون .

لێکۆلینەوەکە ئاماژەی بەوەشدا ، کە خواردنی سیر بە گەرمی رێگە لە مەترسی تووشبوون بە شێرپەنجەی قۆلۆن و گەدەو پرۆستات و هێلکەدان لەلایەن ئافرەتانەوە دەگرێت ، هەروەها رۆلێکی چاڵاکیشی هەیە لە کەمکردنەوەی ئاستی شەکری زیادە لەناو خوێن و میزدا .

## تەماتە پارێزگاری لە جوانی ڕوخسار دەکات

لە ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوەیەی کە لەسەر سوودی تەماتە ئەنجامدراوە بۆ پاراستنی تەندروستی مرۆڤ ، زانایانی زانکۆی مانچستەر لە بەریتانیا دەلێن" ئاوی تەماتە تەنها بە دانانی لەو ناوچەیەی پێست کە سووتاوە چارەسەری سوودمەند نییە ، بەڵکو خواردنیشی بە شێوەیەکی زۆر بەرگری لە پێست دەکات دژی سووتانی خۆر ، وە پێستی دەم و چاو جوان دەکات .



لێکۆلینەوەکە کە لەسەر گۆڤاری کۆمەلەی زانستی پێست و نەخۆشیەکانی بەریتانی بڵاوکرایەوە ، ئەوە دەردەخات کە رۆژانە زیادکردنی پێنج ملاک لە ئاوی تەماتە لەناو ژەمەی خۆراکدا یارمەتی چاڵاککردنی توانای پێست دەدات بۆ پاراستنی دژی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی ، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە تەماتە لە ماددەی لایکۆبین و دژە ئۆکسیدەکان پێکهاتووە .

هەروەها تەماتە بەشێوەیەکی یەکسان ئاستی کۆلاجین لەناو پێستدا بەرزدەکاتەوە ، کە ئەمەش توانای بەرگری پێست دژی تیشکی زیانبەخشی خۆر بەرزدەکاتەوە .

لەلایەکی تریشەوە زانایان بەم خاڵانەی خوارەوە ئامۆژگاری خەلک دەکەن بە خۆ پاراستنیان لە تیشکی خۆر ، کە ئەوانیش ئەمانەن :

١- بەکارهێنانی کرێمی بەرگریکەر لە تیشکی خۆر ، ٣٠ خۆلەک پێش خۆ دانە بەر ئەو تیشکە .

٢- دوورکەوتنەوە لە تیشکی خۆر لەو کاتانەوە کە تیشکی خۆر زۆر بەهێزە ، بەتایبەت لە کاتژمێر ١٢ تا ٢ دوا نیوەڕو .

٣- داپۆشینی ناوچە دیارەکانی جەستە لەوکاتەی دەچینە بەر تیشکی خۆر ، بەتایبەت ئەندامانی سەر ، وە بەکارهێنانی چاویلکە .

٤- خواردنەوەی رێژەیەکی زۆری ئاو ، بۆئەوەی پێستی دەم و چاومان ووشک نەبێ .

## سوودەکانی خواردنی خەیار



زانایانی بواری سەوزەوات دەلێن" خواردنی خەیار رۆلێکی گرنگ دەبینێت لە چارەسەرکردنی شپرزەی میزڵدان و کەمکردنەوەی کەموکورتیەکانی کاری هەرس .

زانایان ئاماژە بەوەدەکەن ، کە خەیار لە مادەیەکی تفت و بنچینەی پێکهاتووە ، بۆیە یارمەتی هاوسەنگ کردنی ترشی بنچینەی دەدات لەناو جەستەداو رێگەش لە زیانەکانی زووری مادەی ترشەلۆکی دەگرێت لەناو خوێندا .

بە پێی وتەی زانایان خەیار لە ئەنزیمی "ئەیریبسین" پێکهاتووە ، کە یارمەتی باش هەرسکردنی مادە پرۆتینیەکان دەدات .

لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەیەکی دەولەمەندە بە کانزا گرنگەکان ، لەوانەش پۆتاسیۆم کە گرنگە بۆ رێکخستنی فشاری خوێن لەناو خوێنبەرەکاندا .

هەروەها خەیار یەکێکە لە خەزرەواتە دەولەمەندەکان بە ڤیتامین "C" کە بۆ جوانکردنی پێستی دەم و چاو بەکاردەهێنرێت .


کوردستان تی ڤی

سەرچاوە
Serchawe

# وتەی زانایان

## دایک .. لە گۆشەنیگای ناودارانەوە

ڕەزا شوان / نەرویج



دایک لە هەموو گیانەوەرێک پیرۆزترە . « کۆلێریدچ »


لە جیهان دا ، سەرینێک نییە ، کە لە باوەشی دایک نەرمتر بێت .« شکسپیر »

ئەگەر دنیا لە چنگێک دا بوایە و ، دایکم لە چنگەکەی تری دا ، دایکم هەڵدەبژارد .« جان جاک ڕۆسۆ »

دایک بە دەستی ڕاستی لانک ڕادەژێنێ و ، بە دەستی چەپیشی دنیا ڕادەوەشێنێ .« ناپلێۆن »

لە شاکارە جوانەکانی کردگار دڵی دایکە . « ئەندریە گرێستری »

دایکم دروستی کردم . « تۆماس ئەدیسۆن »




دایک هەموو شتیکە لە ژیان دا ، دڵدەرەویە لە لە ماتەمینی دا ، هیوایە لە بێ ئومێدی دا ، هێزە لە لاوازی دا .« جوبران خەلیل جوبران »

بەهەشت لەژێر پێی دایکان دایە .« محەمەد ــ د . خ »

دەڵێن بەهەشت لەژێر پێی دایک دایە ، منیش دەڵێم دۆزەخیش لەژێر پێی دایک دایە . « مارک توین »

هەموو ئەو شتانەی کە من پێیان گەیشتووم و ، ئەو پلە و پایە بەرزییەش کە هیوای پێ گەیشتنی دەخوازم ، هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ دایکی پەریزادەم . « ئابراهام لینکۆڵن »



لە بەرزترین چیا دا لە سێدارەم بدەن ، دەزانم کە کێ بە دوامەوەیە .. لە قووڵترین دەریا دا بخنکێم ، دەزانم کە کێ بە دوامەوەیە .. هەر دایکمە . « لیلینگ »


لە دنیا دا یەک کەس هەیە کە لە ژن باشترە .. ئەویش دایکە . « شاقر »



شانازی ئەو هەموو پایە بەرزییەی پێی گەیشتووم .. دەگەڕێتەوە بۆ دایکم . « جۆن ئادەمیز »

مرۆڤە هەڵکەوتووەکان ، هەردەم ئەوانەن کە دایکیان بە باشی پەروەردەی کرددون . « کیم ئیل سۆنگ »

دایک مۆمێکی پیرۆزی بێ هەوا و میهرەبانە ، شەوانی ژیان ڕووناک دەکاتەوە . « لی شین »



دڵی دایک قوتابخانەی منداڵە . « بێتشەر »

دایک نەبوایە ، هیچ نەتەوەیەک نەدەبوو ، نەتەوەکان بە دایکەوە نەتەوەن .« خەلیل مەتران»

ئەگەر دایک نە دەمرد ، کەس بەدبەخت نە دەبوو . « محەمەد حیجازی »

دایە گیان ، من ڕووحم نییە ، ڕووحی تۆیە لە گیانمدا . « جان جاک ڕۆسۆ »

دایک ناتوانێت نهێنییەکانی کچەکەی بدرکێنێت ، چونکە خۆشی لەتەمەنی ئەودا ، هەمان نهێنی هەبووە . « مۆریس گارسۆن »

بە دایکی وت : تۆ خاتوونی منی .. من خۆشتم دەوێ ، بەرز ڕاتدەگرم ، من قەرزاری تۆم ، بە هەموو ئەو شتانەی کە منیان کرد بە من . « مازنی »

با سەر بۆ گەورەیی ئافرەت دابنەوێنین ، ئافرەتە موسا و عیسا و محەمەدی خستۆتەوە ، هەر ئەویشە کە گەورە پیاوان دێنێتە دنیاوە .. جیهان بە هەرچییەکەوە بنازێت ، لەدایکەوەیە . « مەکسیم گۆرگی »

سەرچاوە Serchawe

# پەندی پێشینیان



ئەگەر بکەویە بەر هەڵمەتی شێر
قەت پەنا نەبەی بۆ ڕێوی بێخێر!

وەختێک ئەزانی مانای حەوسەڵە
بە کەوچکە ئاوی نەکەویە مەلە!

میوان نایەوێ سفرەت ڕەنگین بێ!
نانت جۆیین بێ و خوڵقت گەنمین بێ!

بۆ ئەم نەزیلەش گوێ ڕابدێرە
چێشتی پڕ کابان، بێخوێ یا سوێرە

کەسێ نەگبەتی بێتە سەر شانی
پەڵووڵە بخوات، دەشکی ددانی

حەزدەکەی دوور بی لە گێرە و کێشە
بەقەد بەڕەی خۆت پێ ڕابکێشە!

ئیش بەبێ زەحمەت مەحاڵە بوونی
پیاو ماسی بگرێ، تەڕ دەبێ قوونی

ئاوت خواردەوە جارێک لە کانی
بەردی تێ مەخە، خۆ تۆ ئینسانی

پیاو بە خزم و دۆست دەبێ کۆڵەوار
ناقەڵشێ، هۆرە لە خۆی نەبێ دار

لەگەڵ ئەم بیرو باوەڕە چۆنی؟
دەڵێن چێشتی خۆش دیارە بە بۆنی!

هێندێ کەس ئازاو ڕژدن لە شەڕێ
هەتاکو لێیان وەڕاست دەگەڕێ

سا بێ سکی خۆت مەدڕە لە داخا
کێ مرد و کێی‌تر ما لە وەجاخا

کەسێ خۆی لەلا گەورە و گرانە
نەچێتە پێستی خەڵکەوە جوانە

هەموو کەس نەکا بەم پەندە بڕوا
هەچی با هێنای، هەر بە با ئەڕوا



هیوادارم بەدلتان بێت دیلان

سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژژمێری مێژووی کوردستان - مانگی سەرماوەز ( نوامبر - دیسامبر)




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| | | |
|---|---|---|
| ١ | ٢٢ی نوامبری ٢٠٠٥ | کۆچی دوایی عومەر سوڵتان وەفا مامۆستای نوێکردنەوەی شێعری کوردی و فارسی. |
| ٢ | ٢٣ی نوامبری ٢٠٠٦ | بەڕێوەچوونی ١٠ هەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ بە ئامادە بوونی نێچیروان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی کوردستان لە شاری سلێمانی. |
| ٣ | ٢٣ی نوامبری ١٩٩٩. | نوێنەرانی (٣٥٠٠) گوندی باکووری کوردستان سەردانی پەرلەمانی تورکیە یان کردو داوایان لەسەرۆکی پەرلەمان کرد کە گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. |
| ٤ | ٢٤ی نوامبری ١٩٨٥ | لەسێدارە دانی بەندکراوی سیاسی شەهید کەماڵ دەباغی چالاکوان و تێکۆشەری ڕۆژهەلاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران. |
| ٥ | ٢٤ی نوامبری ١٩٧٦ | بە هۆی ڕوودانی بۆمەلەرزە لە شاری وان باکووری کوردستان ٣.٨٣٧ کوشتە و زیاتر لە ١٠٠.٠٠٠ کەس کورد بێ ماڵ دەمێننەوە ! |
| ٦ | ٢٤ی نوامبری ١٩٦٠ | کۆچی دوایی حەمدی بەگی بابان شاعیری بەناوبانگی گەلی کورد. |
| ٧ | ٢٤ی نوامبری ١٩٩٤ | پێک هاتنی کۆنفرانسی کوردناسی لەشاری مۆسکۆ پێتەختی ڕووسیە. |
| ٨ | ٢٥ی نوامبری ١٩٤١ | شاندێکی کۆماری کوردستان بەسەرۆکایەتی پێشوا قازی محەممەد سەردانی یەکیەتی سۆڤیەت یان کرد،بۆ دانووستاندن لەگەڵ کار بەدەستانی سۆڤییەت. |
| ٩ | ٢٥ی نوامبری ١٩٩٩ | دادگای بالای تورکیە حوکمی لەسێدارەدانی بەسەر عەبدوڵلا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان سەپاند. |
| ١٠ | ٢٥ی نومبری ١٩٤٦ | دامەزرانی ڕادیۆ کوردی تاران لە پێتەختی ئێران. |
| ١١ | ٢٦ی نوامبری ١٩٨١ | ڕۆژی جیهانی نەهێشتنی توندو تیژی بە دژی ژنان. |
| ١٢ | ٢٦ی نوامبری ١٩٦٩ | بڵاوبونەوەی یەکەمین ژمارەی گۆڤاری بەیان. |
| ١٣ | ٢٦ی نوامبری ١٩٩١ | ساڵرۆژی دامەزرانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەشاری هەولێر. |
| ١٤ | ٢٦ی نوامبری ١٩٩٤ | دامەزرانی کۆمەڵەی ڕاوچیانی هەرێمی باشووری کوردستان. |
| ١٥ | ٢٧ی نوامبری ١٩٩٢ | دامەزراندنی ئاژانسی دەنگوباسی کوردستان لە هەریمی کوردستان. |
| ١٦ | ٢٨ی نوامبری ١٩٨٠ | ساڵرۆژی دامەزرانی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی لە باشووری کوردستان(جود). |
| ١٧ | ٢٩ی نوامبری ١٩٤٣ | دەستی پێکرد وتۆو ویژ نێوان سەرانی سیاسی کورد و حکوومەتی ئەوکاتی عێراق لەبارەی کێشەی کورد. |
| ١٨ | ٢٩ی نوامبری ١٩٤٨ | کورد لەبارەی پاشەڕۆژی خۆی یاداشتێکی دایە نەتەوە یەکگرتووەکان(UN). |
| ١٩ | ٢٩ی نوامبری ١٩٧٣ | پەردە لەسەر پەیکەری حاجی قادری کۆیی شاعیری هەڵکەوتووی کورد لەشاری کۆیی هەڵدرایەوە. |
| ٢٠ | ٢٩ی نوامبری ٢٠١٠ | بەڕێوەچوونی نۆهەمین فیستیڤاڵی کورتە چیرۆک بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە نووسەرانی کورد و فارس لە شاری بانە. |
| ٢١ | ٢٩ی نوامبری ٢٠١٠ | دادگای بالای تاوانەکانی عێراق کوشتاری کوردە فیلییەکانی لە لایەن ڕێژیم بەعسی عێراق بە ژنوساید ناساند. |
| ٢٢ | ٢٩ ی نوامبری ١٩٩٥ | کۆچی دوایی سەید محەممەد سەفایی هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە شاری سەقزی ڕۆژهەلاتی کوردستان. |
| ٢٣ | ٢٩ی نوامبری ٢٠٠٧ | بەڕێوە چوونی دووهەمین کۆڕیادی بەیت و حەیرانی کوردی بەبەشداری هونەرمدانی پارێزگاکانی ئێران لە شاری سەردەشت. |
| ٢٤ | ٣٠ی نوامبری ٢٠١٠ | ڕێورەسمی ڕێزلێنان بۆ هونەرمەند ئەحمەد سالار یەکێک لەم هونەرمەندە پێشەنگانەی شانۆ و نووسەر لە تالاری هونەری شاری سلێمانی. |
| ٢٥ | ٣٠ی نوامبری ١٩٧٣ | کۆچی دوایی هونەرمەندو نووسەری بە توانا و لێهاتووی کورد ڕەفیق چالاک. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ۲۶ | ۳۰ی نوامبری ۱۹۷۴ | کۆچی دوایی عەلی کەمال باپیر ئاغا شاعیری بەناوبانگ و بە توانای گەلی کورد. |
| ۲۷ | ۳۱ی نوامبری ۲۰۰۸ | کۆچی دوایی خالۆ سلیمان وەلەدخان کەسایەتی سیاسی و نیشتمانپەروەری کوردی یارسان. |

## December - دێسامبر


| | | |
|---|---|---|
| ۲۸ | ای دێسامبری ۱۹۲۶ | ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی بژارکردنی زمانی کوردی لە وشەی بێگانە. |
| ۲۹ | ای دێسامبری ۱۹۳۹ | چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم ژمارەی گۆڤاری گەلاوێژ. |
| ۳۰ | ای دێسامبری ۱۹۶۹ | کۆچی دوایی شاعیری کورد مەلا عەبدولرەحمان مەلا ئیبراهیمی میکائیل ناسراو بە (مەلا راجی). |
| ۳۱ | ۲ی دیسامبری ۱۹۷۲ | ماڵئاوایی محەممەد توفیق وردی مامۆستای پەروەردەکار و نووسەر فولکلۆری کورد لە شاری بەغدا. |
| ۳۲ | ۲ی دیسامبری ۱۹۹۶ | کۆچی دوایی مامۆستا نەبی قادری چالاکوان و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک. |
| ۳۳ | ۲ی دیسامبری ۱۹۷۳ | ماڵئاوایی مەمەند ئاغای خانی شاعیری بە توانای کورد لەناوچەی مەرگەی نزیک قەڵادزێ. |
| ۳۴ | ۳ی دیسامبری ۱۹۷۰ | دەست بە کارکردنی یەکیەتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر. |
| ۳۵ | ۵ی دیسامبری ۲۰۱۰ | پێکهاتنی ناوەندی کوردی – هولەندی لە شاری لاهەی ئەم وڵاتە. |
| ۳۶ | ۶ی دیسامبری ۲۰۰۶ | دوولەت بوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران. راگەیاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی - ئێران. |
| ۳۷ | ۶ی دیسامبری ۱۹۴۵ | دەرچوونی یەکەم گۆڤاری ئەدەبی،سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردستان کە بیرو بووچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە لایەن چاپخانەی کوردستان لە شاری مەهاباد. |
| ۳۸ | ۷ی سپتامبری ۲۰۰۳ | بەرێوە چوونی یەکەمین فستیڤاڵی منداڵانی کوردستانی ئێران بە دەست پێشخەری دنیای منداڵان. |
| ۳۹ | ۸ی دیسامبری ۱۹۹۷ | تیرۆری شەهید مەنسور ناسری خەباتگیر و تێکۆشەری سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان.بە دەست تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی لە کۆیی باشووری کوردستان. |
| ۴۰ | ۹ی دیسامبری ۲۰۱۰ | پەردە لەسەر پەیکەری حەپسەخانی نەقیب کەسایەتی مێژوویی و ناوداری کورد لە پارکی ئازادی کە لە لایەن پەیکەر تاش رەنج عوسمان چێرار لەشاری سلێمانی لادرا. |
| ۴۱ | ۹ی دیسامبری ۱۹۶۳ | کۆچی دوایی مامۆستا سێوە هونەرمەندی بەتوانایی مەقامی کوردی لە شاری کۆیە باشووری کوردستان. |
| ۴۲ | ۱۰ی دیسامبری ۲۰۰۹ | کۆچی دوایی ئەردەلان بەکر هونەرمەندی گۆرانیبێژی کورد لە شاری کارۆلینسکای سوئید. |
| ۴۳ | ۱۰ی دیسامبری ۱۹۴۸ | ساڵرۆی دامەزرانی جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ. |
| ۴۴ | ۱۱ی دیسامبری ۲۰۰۹ | داخستنی پارتی کۆمەڵکای دێموکراتیک (DTP) لە لایەن دادگای تورکیە. |
| ۴۵ | ۱۲ دیسامبری ۱۹۸۵ | ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان. |
| ۴۶ | ۱۲دیسامبری ۱۹۴۵ | بەشداری نوێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رێ و رەسمی دامەزرانی کۆماری ئازەربایجان لە شاری تەوریز. |
| ۴۷ | ۱۲دیسامبری ۱۹۸۸ | کرانەوە و دەست بە کار کردنی ئێزگەی بەرەی کوردستانی عێراق. |
| ۴۸ | ۱۳ دیسامبری ۱۹۸۴ | کۆچی دوایی عەلائەدینی سەجادی ئەدیبی بەناوباگی کورد لە شاری بەغدا. |
| ۴۹ | ۱۳ی دیسامبری ۱۹۹۹ | کۆچی دوایی رەئیس بەکر عەبدولکەریم چالاکی سیاسی، نیشتمانپەروەر، رۆڵێکی گەورەی بینی لە دامەزراندنی لەشکری کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد |
| ۵۰ | ۱۳ی دیسامبری ۱۹۸۱ | شەهید بوونی سەروان ئەحمەد جاوید فەر(کاک هەژار)تێکۆشەر وچالاکوانی سیاسی رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێران لەناوچەی بانە. |
| ۵۱ | ۱۳ی دیسامبری ۱۹۹۸ | ماڵئاوایی هەمزە عەبدوڵا چالاکی سیاسی و نووسەر و سکرتێری پارتی دێموکراتی کوردی عێراق لە ساڵی ۱۹۴۹ لە شاری سلێمانی. |
| ۵۲ | ۱۵ی دیسامبری ۱۸۷۹ | کۆچی دوایی خەڵکێکی زۆر بەهۆی ویشکە ساڵی لە باشووری کوردستان. |
| ۵۳ | ۱۵ی دیسامبری ۲۰۱۰ | ماڵئاوایی دوکتور ئەفراسیا و هەورامی نووسەر و لێکۆلەرەوەی مێژووی کورد لە شاری مۆسکۆ پێتەختی رووسیە. |
| ۵۴ | ۱۶ی دیسامبری ۲۰۰۸ | مەرگی ناووەختی موقبیل هونەرپەژوو شاخەوانی ناوداری کورد و ئەندامی تیمی میللی شاخەوانی ئێران لە شاری بۆکانی رۆژهەڵاتی کوردستان |
| ۵۵ | ۱۶ی دیسامبری ۱۹۶۴ | کۆچی دوایی مەلا مەعسومی هەوارمی کەسایەتی نیشتمانپەروەر و خاوەن هەڵوێست لە شاری هەولێر. |
| ۵۶ | ۱۶ی دیسامبری ۱۹۵۰ | چاپ و بڵاو کردنەوەی یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی هەولێر لەلایەن کۆمەڵەی مامۆستایان لقی هەولێر. |
| ۵۷ | ۱۷ی دیسامبری ۱۹۸۶ | ماڵئاوایی محەممەد عارف جزیری هونەرمەندی بە توانا و ناوداری کورد. |
| ۵۸ | ۱۷ی دیسامبری ۱۹۸۵ | کۆچی دوایی مامۆستاو نووسەرلێهاتووی کورد عیزەددین فەیزی لەشاری هەولێر. |
| ۵۹ | ۱۷ی دیسامبری ۱۸۱۸ | دامەزرانی جەمعیەی تەعالی کوردستان لەشاری ئەستەمبول لەلایەن (سەید عبدالقادر شەمزینی) یەوە دامەزرا، ئەم کۆمەڵە هەندێ جار بە (کلوبی کورد، کۆمیتەی کورد، کۆمەڵەی کورد)ناوی هاتوە و گۆڤاری (ژین)ی دەرکردوە. |
| ۶۰ | ۱۷ی دیسامبری ۱۹۴۵ | رۆژی چەک کردنی شارەوانی مەهاباد دواین بنکەی حکوومەتی ناوەندی ئێران و هەڵکردنی ئالای کوردستان و دامەزران هێزی سپای میللی کوردستان. |
| ۶۲ | ۱۷ی دیسامبری ۱۹۴۶ | گەرانەوەی ئەرتەشی شا بۆ مەهاباد و کۆتایی تەمەنی یازدە مانگەی یەکەم کۆماری کوردستان. |
| ۶۳ | ۱۸ی دیسامبری ۱۹۴۸ | کۆچی دوایی فایق بێکەس(فایق عەبدوڵلابەگ) شاعیری نیشتمانپەروەر لە شاری سلێمانی. |
| ۶۴ | ۱۸ی دیسامبری ۲۰۰۶ | یەکەمین کۆنگرەی زانستی شوناسی کورد لەهۆڵی رازی لە زانکوی شاری تاران. |

سەرچاوە
Serchawe

| | | |
|---|---|---|
| ٦٥ | ١٩ی دیسامبری ١٩٧٨ | کۆچی دوایی دوکتور کامران بەدرخان چالاکوانی رامیاری،دادپەروە،نووسەر و داهێنەری ئەلفوبێی کورمانجی و ئەندامی خۆیبوون لە شاری پاریسی فەرانسە. |
| ٦٦ | ٢٠ی دیسامبری ١٩٨٥ | ماڵئاوایی سامی عەوداڵ مرۆڤێکی پێشکەوتنخواز، چالاکوانی بزووتنەوەی نیشتمانی،و خەباتگێری چینایەتی لە شاری هەولێر. |
| ٦٧ | ٢٠ی دیسامبری ١٩٥٨ | کۆچی دوایی شێخ نوری شێخ ساڵح رۆشنبیرێکی رۆشنگەر و داهێنەرێکی دیاری بواری شیعری نوێ کوردی. |

| بەداخەوە رۆژ و مانگی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتانەی خوارەوە دیار نێ یە | |
|---|---|
| ساڵی ١٩١١ | کۆچی دوایی جیهان ئارا شاعیری هەست ناسک لە شاری جوانرۆی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ساڵی ١٩١١ | ماڵئاویی سالمی سنە(شێخ سەلیم) شاعیری کلاسیکی کوردی لە شاری سنە رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ساڵی ١٩٠٦ | کۆچی دوایی خاکی(محەممەد) شاعیری شێعری رەسەنی کوردی لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان. |
| ساڵی ١٨٨٣ | ماڵئاوایی کەیفی (فەتحوڵڵایە)شاعیر و مامۆستای دارتاش،موزایک و گرافیک لە شاری ئەستەمبوڵ. |
| ساڵی ١٨٨٨ | کۆچی دوایی شاعیر ئەختەر(ئەمین ئاغای) لە شاری کۆیە باشووری کوردستان. |
| ساڵی ١٤٨١ | ماڵئاوایی مەلای جزیری(شێخ ئەحمەد)شاعیری گەورەی کورد لە شاری جزیرەی بوتان. |
| ساڵی ١٩٠٢ | کۆچی دوایی عەبدولرەحیم کوری مەلا(وەفایی) شاعیری ناوداری کورد لە بیابانی شام لە عێراق. |
| ساڵی ١٩٠٩ | ماڵئاوایی حەریق(سالح مەلا نەسروڵڵا)شاعیری کلاسیکی نیوەی دووهەمی سەدی نۆزدەەم لە شاری مەهاباد. |
| ساڵی ١٩١٥ | کۆچی دوایی میرزا قادر(عەبدولقادر) شاعیر لە شاری پاوەی رۆژهەڵاتی کوردستان. |
| ساڵی ١٩٦٧ | ماڵئاوایی ناتیق مەلا کەریم شاعیر و چیرۆک نووس. |
| ساڵی ١٦٠٣-١٦٠٤ | کۆچی دوایی شەرفخانی بەدلیسی نووسەری شەرەفنامە گەورترین شاکاری مێژووی گەلی کوردستان. |
| ساڵی ١٩٧٣ | شەهید کردنی ئەحمەد توفیق(عەبدوڵڵا ئیسحاقی) تێکۆشەر و سکرتێری حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کۆنگرەی دووهەمی بە دەست رێژیمی بەعسی عێراق. |
| ساڵی ١٧٩٦ | کۆچی دوایی ئیبراهیم پاشای بابان دروست کەری شاری سلیمانی پایتەختی میرنشینی بابان لە شاری موسڵ. |
| بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ | ماڵئاوایی هونەرمەندی کۆرانبێژ ئیسماعیل مەسقەتی لە شاری کرماشان. |
| ساڵی ١١٢٨ | کۆچی دوایی ئیسماعیل مەعروف فردەوسی کورد نووسەری غەزەل و پەخشان بە زمانی کرمانجی لە شاری بایەزید لە باکووری کوردستان. |
| ساڵی ١٩٨٦ | ماڵئاوایی لەیلا بەدرخان یەکەم کچی کورد لە رۆژهەڵاتی ناوەراست لە هونەری بالە ، رۆشنبیر ولێکۆڵێنەرەو لە پاریس. |
| فیورییەی ساڵی ١٩٨٣ | دامەزرانی ئەنیستیتوی کورد لە پاریس. |
| ساڵی ١٧٠٧ | کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی شاعیر و رۆشنبیر و نووسەری مەم و زین لە شاری بایەزید |
| ساڵی ١٩٠٦ | کۆچی دوایی ئاهی سالح ئەحمەد شاعیری شێعری کلاسیک لە شاری سلێمانی. |
| ساڵی ١٩١٨ | کۆچی دوایی تاهیربەگی جاف شاعیری بە توانا لە عەبابەیلی هەڵەبجە. |
| ساڵی ١٨٨٢ | ماڵئاوایی شاعیری ناوداری کورد مەولەوی(سەید عەبدولرەحیم تاوەگۆزیی)لە گوندی سەرشانە. |
| ساڵی ١٩٠٥ | کۆچی دوایی جافەر قولی شاعیری ناسراوی خوراسان لە خوارزەم. |
| ساڵی ١٨٨١ | ماڵئاوایی سەید یەعقووب شاعیرو روشنبیر لە گوندی قەمەشەی ناوچەی ماهدەشتی کرماشان. |
| ساڵی ١٩٢١ | کۆچی دوایی مەنفی(مەلا رەسۆڵ بێتووشی)شاعیری شێعری کڵاسیک لە کویە. |
| ساڵی ١٩٠٦ | کۆچی دوایی سانی(عەبدوڵڵا عەلی)شاعیر لە گوندی هیرانی کویە. |
| ساڵی ١٨٥٦ | ماڵئاوایی شاعیری ناوداری کورد نالی(خدر شاوەیسی میکائیلی) |
| ساڵی ١٩٥٤ | کۆچی دوایی حاجی سەید بابە شێخی سیادەت رەئیسی هەیئەتی رەئیسەی میللیی(سەرۆک وەزیر)کۆماری کوردستان لە دیی تورجان. |
| ساڵی ١٨٤٧ | کۆچی داویی ماهشەرەفخانم(مستورە ئەردەلانی) نووسەری کتیبی مێژوویی ئەردەلان لە شاری سلیمانی. |
| ساڵی ١٩٦٦ | شەهید کردنی سادق ئەنجیری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی دووهەمی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەباشووری کوردستان. |
| ساڵی ١٩٦٩ | تیرۆری مارگریت جۆرج ژنە پێشمەرگەی شۆرشی ئەیلووڵ لە باشووری کوردستان. |

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون، گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە لە ئامادە کردن و بڵاو کردنەوە رحمان نەقشی
r_neqsi@yahoo.ca




سەرچاوە
Serchawe